# هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نێوان هەڵوێستی ئەمریکا و ئێراندا

م.ی.یاسین عزەم علی*          پ.د. یاسین خالید حسن**

وشە کلیلییەکان: هەڵبژاردنی پەرلەمان، حکومەتی هەرێم، سیستمی فیدراڵی، ئەمریکا، ئێران
https://doi.org/10.31271/jopss.10101

**پوختە**

کشاندنەوەی دام و دەزگاکانی حکومەتی عێراق، لایەنە کوردستانیەکانی ناچار کرد، بیر لە چارەنووسی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان بکەنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش بیریان لە هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەت کردەوە. بیرۆکەی هەڵبژاردن و دامەزراندنی حکومەت، سەرنجی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ کێشەی کورد لە کوردستانی عێراق ڕاکێشا. ئەمریکا و بەشێك لە وڵاتانی ئەوروپا، هەر زوو هاتنە دەنگ و بڕیاریاندا پشتگیری لەو پرۆسەیە بکەن، بەڵام ئێران و تورکیا و سوریا، پرۆسەکەیان بە هۆکارێك، بۆ تێکدانی ئاسایشی ناوچەکە لێکدایەوە، هەربۆیە کەوتنە پیلانگێران بۆ ئەوەی سەرنەگرێت. پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە ئەوەیە، کە ئایا بۆچی ئەمریکا پشتگیری لە هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێم کرد؟ هاوکات ئێران بۆچی دژ بەو پرۆسەیە بوو؟ ڕێبازی ئەم توێژینەوەیە وەسفی-شیکارییە و پشتی بە سەرچاوەکانی کتێبخانە بە تایبەتی توێژینەوە و بیرەوەرییەکان، ڕۆژنامەکانی هاوچەرخی ڕووداوەکان، بەستووە. گریمانەی توێژینەوەکە بریتییە لەوەی ئامانجی ئەمریکا لە پشتگیری کورد، بۆ سەرخستنی پرۆسەی هەڵبژاردن و هاوکات دژایەتی ئێران بۆ شکستپێهێنانی هەڵبژاردن و دامەزراندنی حکومەتی کوردی، مەبەست لێی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بووە لە ناوچەکەدا.

**ملخص**

**الانتخابات النيابية وتشكيل حكومة اقليم كوردستان بين الموقفين الامريكي والايراني**

ان انسحاب مؤسسات الحكومة العراقية في كوردستان العراق، اجبرت الأحزاب الكردية على التفكير في مصير المناطق الواقعة تحت سيطرتها، ولذلك فكروا في إجراء انتخابات نيابية وتشكيل

* بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی ، هەرێمی کوردستانی عێراق
yasin.azam82@gmail.com

** بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان ،زانکۆی سلێمانی هەرێمی کوردستانی عێراق
yasen.hassan@univsul.edu.iq

حكومة اقليمية محلية. لفتت فكرة الانتخابات وتشكيل الحكومة، انتباه المجتمع الدولي إلى القضية الكردية في كردستان العراق. فسرعان ما قررت الولايات المتحدة وبعض الدول الأوروبية دعم العملية، ولكن إيران وتركيا وسوريا، رأت في العملية سببا لزعزعة استقرار المنطقة ، لذلك بدأوا في التخطيط لمنعها من النجاح. السؤال الرئيسي في هذه الدراسة هو لماذا دعمت الولايات المتحدة الانتخابات البرلمانية وإنشاء حكومة إقليم كردستان؟ لماذا كانت إيران ضد انجاز هذه العملية؟ ان منهج هذه الدراسة وصفي - تحليلي ، واعتمد على مصادر رصينة، خاصة المستندات والمذكرات والصحف المعاصرة للأحداث. فرضية البحث أن هدف الولايات المتحدة من دعم الأكراد لإنجاح الانتخابات، ومعارضة إيران لفشل الانتخابات وتشكيل حكومة كردية كانت لحماية مصالحهم الخاصة الآنية و المستقبلية في المنطقة.

**Abstract**

**Parliamentary Elections and the Establishment of the Kurdistan Regional Government between the US and Iranian positions**

The withdrawal of the Iraqi government institutions in Iraqi Kurdistan forced the Kurdish parties to think about the fate of the areas under their control, and for that they thought of holding parliamentary elections and forming a local regional government. The idea of elections and the formation of a Kurdish government drew the attention of the international community to the Kurdish issue in Iraqi Kurdistan. Soon the United States and some European countries decided to support the operation, but Iran, Turkey and Syria saw in the operation a reason to destabilize the region, so they began planning to prevent it from succeeding. The main question in this study is why did the United States support the parliamentary elections and the establishment of the Kurdistan Regional Government? Why did Iran stand against the completion of this process? The methodology of this study is descriptive-analytical, and it relied on solid sources, especially documents, memoirs, and newspapers contemporary to the events. The hypothesis of the research is that the goal of the United States to support the Kurds for the success of the elections, and Iran's opposition to the failure of the elections and the formation of a Kurdish government was to protect their own interests now and in the future in the region.

# پێشەکی

بڕیاری ئەنجامدانی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی کوردستان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێم، لەساڵی ١٩٩٢، لە لایەن بەرەی کوردستانییەوە، مایەی گرنگیپێدان بوو لای کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی، چونکە ئەوە بۆ یەکەمین جار بوو لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، کورد بە شێوەیەکی فەرمی هەڵبژاردن دەکات لە ژێر سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی حیزبە کوردستانییەکان. سەرباری گلەیی و گازەندەی بەشێك لە حیزبە بچوکەکان کە نەیانتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنن، بەڵام ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە بووبە هۆکاری ئەوەی جارێکی دیکەدۆزی کورد، لە کوردستانی عێراق، بێتەوە سەر مێزی گفتووگۆی نێودەوڵەتی و چاوی زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە دەیەوێت تیشك بخاتە سەر دوو ڕوداوی گرنگ، کە خۆیان دەبیننەوە لە هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، جگە لەوەش خوێنەر ئاشنا دەکات بە لەمپەرەکانی بەردەم ئەو دوو پرۆسە گرنگە و پیشاندانی هەڵوێستی هەریەکە لە ئەمریکا و ئێران لە بارەیانەوە.

ئامانجی توێژینەوەکە دەرخستنی هەڵوێستی ئەمریکا و ئێرانە، سەبارەت بە هەڵبژاردن و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەك دوو ڕووداوی گرنگ کە لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو ڕوویاندا.

توێژینەوەکە لە پێشەکیەك وپێنج تەوەری سەرەکی و دەرئەنجامێك پێك دێت. تەوەری یەکەم باس لە تێڕوانینی ئەمریکا و ئێران دەکات بۆ کوردستانی عێراق لە دوای ساڵی ١٩٧٩، تەوەری دووەم باس لە بەرێوەچوونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکات، تەوەری سێیەم هەڵوێستی هەریەکە لە ئەمریکا و ئێران سەبارەت بەو پرۆسەیە دەخاتە ڕوو. تەوەری چوارەم باس لە شێوازی دامەزراندنی حکومەتی هەرێم دەکات، تەوەری پێنجەم باس لە هەڵوێستی ئەمریکا و ئێران دەکات سەبارەت بڕیاری پەرلەمانی کوردستان لەسەر دامەزراندنی حکومەت و سیستمی فیدراڵی بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بەرەی کوردستانی.

## تەوەری یەکەم- تێڕوانینی ئەمریکا و ئێران بۆ کوردستانی عێراق لەدوای ساڵی ١٩٧٩

یەکەمین گورزی کوشندە کە بەر شۆڕشی کورد لە کوردستانی عێراق کەوت، ڕێکەوتنامەی جەزائیر بوو، کە لە ساڵی ١٩٧٥ لەنێوان سەدام حسێن جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و موحەمەد ڕەزاشای ئێران بە دەستپێشخەری هەواری بۆمدیانی سەرۆکی جەزائیر بەسترا ، بە پێی ڕێکەوتنەکە ئێران بەڵێنیدا دەستهەڵگرێت لە یارمەتیدانی کورد، لە بەرامبەرییشدا عێراق کۆمەڵێك ئیمتیازاتی بە ئێران دا، دەرەنجامی ڕێکەوتنەکە کۆتایی بە شۆڕشی ئەیلول هێنا کە لە ساڵی ١٩٦١ وە سەریهەڵدابوو( ئەحمەد، موراد، ٢٠١١، ٢٣٨-٢٣٩)، بە شێك لە سەرکردەکانی کورد، ئەمریکا و ئێرانیان بەوە تۆمەتبار کرد کە پشتیان لە کورد و شۆڕشەکەی کردووە( حقیقت، ١٤٠٠، ١١٢).

ئەمریکا بە هۆکاری پەیوەندییەکانی لەگەڵ موحەمەد ڕەزاشا و پشتگیریی لە دەسەڵاتی شاهەنشاهی، تەنانەت تا دوا ساتەکانی کەوتنی نەیدەتوانی هەر وا بە ئاسانی پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ ئێرانی دوای شۆڕش ئاسایی بکاتەوە، چونکە ئەوانەی کە دەسەڵاتیان گرتە دەست زۆربەی شیعارەکانیان دژایەتی سیاسەتی ئەمریکا بوو(برزگر، ١٣٩٧، ٢٧١)، دوای سەرکەوتنی شۆڕش پەیوەندیەکانی ئێران و ئەمریکا تێکچوو، چونکە بەشێك لە خۆپیشاندەران هەڵیان کوتایە سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران و تەواوی کارمەندانی باڵیۆزخانەکەیان بە بارمتە گرت( ارین منش، جوانشیری و شانەچی، ١٣٩٧، ١٢)·

یەکێك لە مەترسیەکانی وڵاتانی دراوسیی ئێران دوای سەرکەوتنی شۆڕش بریتی بوو لە وتار و ڕاسپاردەکانی سەرانی شۆڕش،ئاماژەیان بەوە کرد کە دەمانەوێت شۆرشەکە هەناردەی دەرەوەی ئێرانیش بکەین( میکە، ئەبوبەکر، ٢٠٢٠، ٣٩).

لە سەروبەندی هەڵگیرسانی جەنگی عێراق-ئێران، زۆربەی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی کوردستانی عێراق پشتگیری ئێرانیان کرد، بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەر لەسەرەتاوە خۆی بۆ شەڕی دژ بە حکومەتی عێراق یەکلایی کردەوە، پارتی بە بڕوایەکی تەواوەوە بڕیاریدا بچێتە بەرەی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، ئەوە جگە لەوەی ئێران شەڕی حکومەتی عێراقی دەکرد و پارتیش بە هەمان شێوە شەڕی ئەو حکومەتەی دەکرد، بەجۆرێك هەردوو لایان لە قازانجیان بوو کە لەیەك بەرەدابن بۆ دژایەتی کردنی حکومەتی عێراق( احمد، ٢٠١١، ٤٠٣-٤٠٤).

هاوکات یەکێتی نیشتیمانیش جگە لەماوەی دانوسانەکەی لەگەڵ عێراق(٣ی کانونی یەکەمی ١٩٨٣- ١٥ی کانونی دووەمی١٩٨٥)، بەدرێژایی ماوەی شەڕەکە دژ بە حکومەتی عێراق جەنگاوە، ئەوە جگە لەوەی بەهۆکاری پەیوەندی بە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران بۆ ماوەیەکیش ناوبەناو شەڕی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێرانی کرد.

لەماوەی نێوان ساڵانی هەشتاکان حکومەتی عێراق چەندجارێك پڕۆسەی کۆمەڵکوژی بەرامبەر بە گەلی کوردستان ئەنجامدا، وەك کوشتنی بە کۆمەڵی بارزانییەکان و کیمیابارانکردنی بەشێك لە شارو دێهاتەکانی کوردستان، هاوکات پڕۆسەی شاڵای ئەنفالی گەلی کورد کە بە سەدان هەزار کوشتاری لێکەوتەوە، ئەمریکا بێدەنگی هەڵبژارد لەو هەموو تاوانە، چونکە لە بەرژەوەندی نەبوو سەدام حسێن، کە هاوپەیمانی بوو لە شەڕی دژ بە ئێران، بە تاوانی جەنگ تۆمەتباری بکات،( رومینا، بیدار، ١٣٩٧، ٩) هاوکات ئێرانییەکانیش بەشێوەیەکی ئەوتۆ دەنگیان بەرزنەکردەوە، بەڵام لە پڕۆسەی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە بۆیەکەمینجار ئێرانییەکان بڕیاریاندا ئەو تاوانە بگەیەنن بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، ئەوەش بۆ ئەوەی دوژمنەکەیان کە دەسەڵاتدارانی بەعس بوو بە تاوانبار بناسێنن بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.( حەسەن، محەمەد ئەمین،٢٠٢٠، ٢٠١٢-٢٠١٣).

تاڵەبانی باس لەوە دەکات بەدرێژایی ساڵانی هەشتاکان هیچ لێپرسراوێکی باڵای ئەمریکا ئامادە نەبوو بمانبینێت، تا دوای هێرشی عێراق بۆ سەر کوەیت بۆ یەکەمینجار دەرگای ئەمریکا بەڕووی سەرکردەکانی کورددا واڵا بوو( صمد، ٢٠١١، ٤٧). تاڵەبانی باس لەوە دەکات ئەمریکا کێشەی کورد لە کوردستانی عێراقی بەستبووە وە بە پاراستنی مافی مرۆڤەوە، ئامادە نەبوو لە چوارچێوەیەکی سیاسیدا مامەڵەی لەگەڵدا بکات، هەربۆیە ئامادە نەبوو سەرکردە کوردەکان ببینێت لەسەر ئاستی باڵا.( ڕەشید، بەرگی دووەم، ٢٠١٧، ١٩٥)

لەماوەی نێوان ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو هەریەکە لە ئەمریکا و ئێران لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، تەماشای کود و شۆرشەکەیان دەکرد، هەردوو دەوڵەت بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە بوون، بێ گوێدانە ئەو قوربانیانەی کە میللەتی کورد دای لە پێناو ئازادیدا.

## تەوەری دووەم- هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

لەبەر ڕۆشنایی بەندەکانی پڕۆژە بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان، لە ڕۆژی ١٧-١٨ی نیسانی ١٩٩١دا ئەمریکا ناوچەی دژە فڕینی سەپاند بەسەر عێراقدا،( خاروداکی، ٢٠١١، ٣٠٣) کە دەکەوتە نێوان هەردوو هێڵی ٣٦ی باکور و هێڵی ٣٣ لە باشور،(١) ئەوە جگە لە ناردنی هێزی هاوبەشی ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسابۆ پاراستنی کوردستان لە هەر دەستدرێژیەکی حکومەتی عێراق.( العزاوی، ٢٠٠٩، ٤٣) هەر بە پێی پڕۆژەبڕیاری دژە فڕین حکومەتی عێراق ناچار کرا تەواوی هێزە سەربازی و ئەمنیەکانی خۆی لە ناوچەی دژە فڕین بکشێنێتەوە، ئەوە سەرباری پێدانی گرەنتی پاراستنی کورد، لە هەر دەستدرێژیەکی سوپای عێراق، زەمینی یان ئاسمانی بۆ سەر ناوچەکانی ناو پڕۆژە بڕیاری دژە فڕین( قمحة، ١٩٩٦، ١٣٦).

سەپاندنی بڕیاری ناوچەی دژە فڕین بەسەر عێراقدا لە ساڵی ١٩٩١، کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەسەر ئەوەی کورد لە کوردستانی عێراق، بیر لەوە بکاتەوە خۆی حوکمی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بکات. چونکە هاوپەیمانان و لەسەر و هەموویانەوە ئەمریکا، بەڵێنی پاراستنی ئەو ناوچانەیدا کە دەکەوتنە ناو بڕیاری ناوچەی دژە فڕین.( حیدری، ١٣٩٧، ٦٩٧؛ پیشگاهی فرد،نصر-اللهی زادە، ١٣٩١، ٩)

دوای شکستی دانوستانەکانی نێوان حکومەت و بەرەی کوردستانی و کشانەوەی دام ودەزگاکانی حکومەت لە ناوچەکانی کوردستان، بەرەی کوردستانی، بە بێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی عێراق، بڕیاریدا خۆی چارەنووسی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دیاری بکات.(Taha, 2018, 50) حکومەتی عێراق، ئابلۆقەیەکی ئابوری توندی بەسەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بەرەی کوردستانیدا سەپاند، ئەوەش بەرپرسیاریەتیەکی گەورەی خستە سەرشانی بەرەی کوردستانی بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بەڕێوەببات.(حەمەکەریم، ٢٠٠٧، ١٠١ ) ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بەرەی کوردستانی، سەرباری گەمارۆی حکومەتی عێراق ، گەمارۆیەکی گەورەی نێودەوڵەتیشی لەسەر بوو، کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەسەر عێراقدا سەپێندرابوو. ناوچەکانی کوردستانیش بەهۆکاری ئەوەی بەشێك بوون لە عێراق ، ئەو گەمارۆیە دەیگرتنەوە، ئەوەش کاریگەری نەرێنی هەبوو بۆسەر دانیشتوانی کوردستان، بەجۆرێك نزیکەی لە ٧٠% ی دانیشتوان بۆ ماوەیەك بەو یارمەتییە نێودەوڵەتییانە دەژیان کە بۆیان تەرخان کرابوو.(Taucher, Vogl, Webinger, 2015, 143) هەربۆیە هێزەکانی بەرەی کوردستانی لەبەردەم دوو بژاردەدا بوون، یان دەستپێکردنەوەی دانوستان لەگەڵ حکومەتی عێراق و کارکردن لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی، ئەوەش بە تەواوەتی پەیوەستیان بە عێراقەوە دەکات، یان داواکاری دیاریکردنی مافی چارەنووسی نەتەوەیی لەسەر شێوازی فیدراڵیەت،

ئەوەش ئەو جۆرەی دەوڵەتدارییە کە لە ژمارەیەك لە وڵاتانی دونیادا پەیڕەوی لێدەکرێت، کە لە توانایدا هەبوو بڕێك سەربەخۆیی زیاتریان بەرامبەر بە عێراق بۆ زامن بکات. (٢)سەرکردایەتی سیاسی کورد بیرۆکەی دووەمی هەڵبژارد، بڕیاریدا هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی کوردستان بکات، ئەوە بوو لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٨ی نیسانی ١٩٩٢دا، بەفەرمی بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان درا،(لازاریف، ٢٠٠٨، ٥٧٧) تیایدا بڕیار درا بە هەڵبژاردنی ١٠٥ نوێنەر بۆ پەرلەمان، ڕێژەی لە ٧% دیاری کرا بۆ ئەو پارتانەی کە بیانەوێت بچنە پەرلەمانەوە. ئەوەش بووبە مایەی ئەوەی پارتە بچوکەکان نەتوانن کورسی پەرلەمان بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن. لێژنەیەکی سەرپەرشتیاریشیان دیاری کرد بۆ سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکە، کە نوێنەری زۆربەی پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان و کۆمەڵێك لە چاودێرانی نێودەوڵەتی تیادا بوو.(Kurda, 2015, 9) لەگەڵ ئەوەی بارودۆخی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بەرەی کوردستانی جێگیر نەبوو، بەڵام بڕیاری ئەنجامدانی هەڵبژاردن و دامەزراندنی حکومەت، پێگەی کوردی لای کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەهێز کرد.( Gunes, 2019, 28)

دوای بڕیاری هەڵبژاردن لە لایەن بەرەی کوردستانییەوە، سەدام حسێن هەڕەشەی ئەنجامدانی هێرشی سەربازی بۆسەر کوردستان کرد، لە ئەگەری ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە، بەڵام ئەمریکا هۆشداری دا بە عێراق، کە ڕێگەی پێنادات دەستوەردان لە کاروباری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بەرەی کوردستانی بکات. لە ئەگەری هەر دەستدرێژییەکی حکومەتی عێراق، هێزەکانی ئەمریکا وەڵامی دەدەنەوە، ئەوەش بووبە هۆکاری ڕەوینەوەی ترسی لایەنە کوردییەکان و بەمانای گڵۆپی سەوزی ئەمریکا دەهات بۆ ئەنجامدانی پرۆسەیەی هەڵبژاردن.( Shukri, 2017, 58)

بەر لە بڕیاردان لەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمان، لە کۆبوونەوەیەکی بەرەی کوردستانیدا، تاڵەبانی ئەوەی بە ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە ڕاگەیاندبوو، کە نامەیەکی لە لایەن دۆستێکییەوە بۆ هاتووە، باس لەوە دەکات ئەگەر کورد هەنگاوێکی لەو شێوەیە بهاوێت، ئەمریکا و بەریتانیا ئامادەن دان بە هەڵبژاردن و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بنێن. بارزانیش لەهەمان کۆبوونەوە ئاماژەی بەوە کرد، ئەویش وەك تاڵەبانی هەمان نامەی بۆ هاتووە، ئیتر ئەوە گوڕی زیاتری بەخشی بە کۆبوونەوەکەو ئامادەبووانی لە پشتگیری نێودەوڵەتی بۆ کورد دڵنیا کردەوە.(ڕەشید، بەرگی دووەم،٢٠١٧، ٢٢٧).

## تەوەری سێیەم- هەڵوێستی ئەمریکا و ئێران سەبارەت بە هەڵبژاردنەکە

دوابەدوای بڕیاری ئەنجامدانی هەڵبژاردن، بە شێك لە ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکا داوایان لە حکومەتی وڵاتەکەیان کرد پشگیری کورد بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو پرۆسەیە بەسەرکەوتوویی تێپەڕێنێت. ئەندامێکی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا بەناوی جۆن کیری(John Kerry) لە دانیشتنێکی ئەنجومەنەکەدا ئاماژەی بەوە کرد" بڕیاری هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ڕووداوێکی گرنگە و شایەنی ئەوەیە لە لایەن وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە بە فەرمی بناسرێت و پشتیوانی لێبکرێت، کوردەکانی عێراق لە مێژە مافەکانیان پێشێل دەکرێت و ئامانجە ڕەواکانیان زەوت دەکرێت، ئێمە دەبێت ستایشی ئیرادە و بوێریان بکەین، بۆ هەنگاو هەڵگرتن بۆ دیموکراسی و شێلگیربوونیان بۆ ڕاوەستان دژی سەدام حسێن".(میهۆ، ٢٠٠٩، ٥٠٠-٥٠١)

بۆ ئەوەی بتوانرێت هەڵبژاردنەکە بە بێ ترس و دڵەڕاوکێ ئەنجام بدرێت، فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا و بەریتانیا هەر نیو سەعات جارێك، ئاسمانی کوردستانیان دەبڕی و پارێزگاریان لە هەڵبژاردن و جەماوەری کوردستان دەکرد، تاوەکو بەشداری لە هەڵبژاردنەکە بکەن و دەنگی خۆیان بدەن بەو لایەنەی کە خۆیان دەیانەوێت. فڕینی فڕۆکەی ئەمریکی و بەریتانی لە سەر ئاسمانی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی هەڵبژاردنەکەدا، ئەوە دەردەخات کە ئەو دوو وڵاتە بەلایانەوە باش بوو کە لایەنە کوردییەکان بڕیاری هەڵبژاردنیان دابوو، ئەوە جگە لە کارئاسانیکردن بۆ بەشداریی چاودێرانی نێودەوڵەتی لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکەدا.(گەوهەری، بێ ساڵی چاپ، ١٦) شایەنی باسە ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا بەناوی(بیلبرەی) داوای لە ئەندامانی ئەنجومەنەکە کرد کە پشتگیری لەو بڕیارنامەیە بکەن کە لە لایەن کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی کۆنگرێسەوە ئامادە کراوە، (٣)ئەوەی تێیدا داوا دەکات ئەمریکا چاودێری ئاسمانی لەسەر هێڵی ٣٦ درێژە پێبدات، هاوکات تێیدا داواکراوە کە وەك ڕابردوو تورکیا ڕێگە بدات بە فڕۆکەکانی ئەمریکا خاك و ئاسمانی ئەو وڵاتە بۆ ئەو مەبەستە بەکاربهێنن.(میهۆ، ٢٠٠٩، ٥١٠)

ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن لە کوردستانی عێراق، (٤)بووبە مایەی نیگەرانی دەوڵەتانی دراوسێی عێراق، (٥)ئێران لەگەڵ ئەوەی بۆ ماوەی هەشت ساڵ لە جەنگێکی خوێناویدا بوو لەگەڵ عێراق، بەڵام سەبارەت بە پەرەسەندنە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق نیگەران بوو.( Taha, 2018, 52) ڕۆژنامەی"ئێران تایمز"لە زاری وەزارەتی دەرەوەی ئێرانەوە، پرۆسەی هەڵبژاردنی کوردستانی بە پیلان و نەخشەی ئەمریکی لەقەڵەمدا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، ئەوەشی ڕاگەیاند کە "کێشەی کوردەکان لە باکوری عێراق پێویستە لەسەر بنەما و پرەنسیپی ڕەوا و لە چوارچێوەی یەکێتی خاکی عێراق چارە بکرێت، نەك لە ڕێی پرۆسەیەکی هەڵبژاردنەوە کە ئەمریکا سەرپەرشتی

دەکات".(هیتۆتی، ٢٠٠٩، ٨٥) شایەنی باسە مەترسی ئێران لەو وەختەدا زیاتر پەیوەندی بە دەستوەردانی ئەمریکاوە هەبوو لە پرۆسەی سیاسی لە کوردستان. (٦)بە بڕوای ئیرانیەکان، ئەمریکا سەرقاڵی ئەوەیە ئاسانکاری بکات بۆ ئەوەی کوردەکان لە کوردستانی عێراق، دەوڵەتێك بۆ خۆیان دروست بکەن، بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵەکانی خۆی خستۆتەگەڕ و دەیەوێت لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە ئەو پرۆسەیە جێبەجێبکات.( حق پناه، ١٣٨٧، ١٨٢)

ئێرانییەکان، بۆ ئەوەی تانە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی کوردستان بدەن، لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی وڵاتەکەیانەوە کەوتنە دژایەتیکردنی هەڵبژاردنەکە، بۆ ئەو مەبەستەش لە ڕێگەی ڕۆژنامەی فەرمی وڵاتەکەیانەوە ڕەخنەیان لە شێوازی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکە گرت. ڕۆژنامەی جمهوری اسلامی ئاماژەی بەوە کرد، کە شەرعییەتی هەڵبژاردنەکە جێگەی پرسیارە، چونکە هەردوو پارتە دەسەڵاتدارەکە ساختەکاریان لە هەڵبژاردنەکەدا کردووە، بۆ سەلماندنی قسەکانیشیان ئاماژەیان بە نارەزایەتی چەند پارتێکی بچوکی کوردی کرد، کە سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنابوو لە هەڵبژاردنەکەدا، ئەو پارتانە، یەکێتی و پارتیان بەوە تۆمەتبار کرد کە مەرەکەبی دەنگدانەکە بە ئاسانی دەسڕایەوە، بەو شێوەیەش زۆرێك لە ئەندام و لایەنگرەکانیان زیاتر لە چەند دەنگێکیان دابوو. ئێرانییەکان، مەبەستیان بوو ئەوە بە هاونیشتیمانیانی وڵاتەکەیان و ناوچەکە و جیهانیش بگەیەنن، کە پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان شەرعییەتی یاسایی نییە و ساختەکاری تێدا کراوە.( روزنامه جمهوری اسلامی،٣١/ اردیبهشت/ ١٣٧١) ئەوە لە کاتێکدا بوو چاوی خۆیان داخست لەوەی کە بەرەی کوردستانی توانی بەماوەیەکی کەم لە کشانەوەی دامودەزگاکانی حکومەتی عێراق، هەڵبژاردن ئەنجامبدات بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرێنێت.

سەرباری نارەزایی ئێران لە بریاری هەڵبژاردن و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە ئەو هەنگاوە مایەی مەترسی بوو بۆ ئێرانیەکان، بەهۆکاری ئەوەی ڕەنگە کوردەکانی ئەو وڵاتەش داوای چارەنووسی کوردانی عێراق بکەن(نادر هانوئر، دیگران،١٣٩٥، ٧١-٧٢)... بەڵام ئیران نارەزایەتی دەربڕی سەبارەت بە هێرشی موشەکی تورکیا، بۆ سەرخاکی کوردستانی عێراق. دەوڵەتی ئێران، ئەو هێرشانەی تورکیای بە مەترسی لەقەڵەمدا و پێی وابوو ئاسایشی ناوچەکە دەخاتە مەترسیەوە. جگە لەوەش ئێران، مەترسی ئەوەی هەبوو تورکیا، هەوڵی ئەوە بدات کوردستانی عێراق بخاتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی، چونکە تورکیا نەیشاردبووە وە ئەو ناوچانە بەشێك بووە لە دەسەڵاتی دەوڵەتەکەی لە ڕابردوودا و بەزۆر لێی دابڕێندراوە، هەنگاوێکی لەو شێوەی تورکیا، ئێرانی پەلکێشی شەڕێکی نوێ دەکرد لەگەڵ تورکیا، هەر بۆیە ئێران مەترسی دۆخەکەی ڕوونکردەوە و نارەزایەتی خۆی گەیاندە دەسەڵاتدارانی تورکیا.( باقری دولت ابادی، شفیعی سیف ابادی ،١٤٠٠، ٢٦٦)

دوای کشانەوەی دام و دەزگاکانی حکومەتی عێراق لە کوردستان، ئیدارەی ئەمریکا هاوکاری

هێزە کوردستانیەکانی کرد بۆ ئەوەی لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە، پەرلەمان و حکومەتی تایبەت بەخۆیان دامەزرێنن. بۆ ئەو مەبەستەش ئامادەیی وڵاتەکەی دەربڕی بۆ هەر جۆرە هاوکاریەك کە پارتە سەرەکیەکانی کوردستان پێویستیان بێت بۆ ئەوەی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەیان سەرکەوتووبێت. دوای کۆتایی هاتنی پرۆسەی هەڵبژاردن و دروستکردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئیدارەی ئەمریکا چەندین شارەزای خۆی نارد بۆ کوردستان بۆ ئەوەی مەشق و ڕاهێنان لە بواری سەربازی و ئەمنی بە کورد بکەن، هاوکات کۆمەڵێك چەك و تەقەمەنیشی دا بە هەردوو هێزە سەرەکیە کوردیەکە، بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان لە هەر دەستدرێژیەك، سەرباری پاراستنی سنوری هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی بڕیار و ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکانەوە، هاوکات سەردانی چەندین لێپرسراوی ئەمنی و سەربازی و سیاسی ئەمریکی، بۆ کوردستان و بینینی سەرکردە و لێپرسراوانی کورد، هەروەها پیشکەشکردنی یارمەتی دارایی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لایەن ئیدارەی ئەمریکاوە بەڕێوە چوو.(العزاوی، ٢٠٠٩، ١٢٩)

ئەمریکا بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە پشتگیری لە پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکەن، ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا لە ڕۆژی ٢ی حوزەیرانی ١٩٩٢ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی بە پرۆسەیەکی باش ناوبرد و پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان کرد. هاوکات نوێنەری ئیدارەی ئەمریکا(فەرید کۆنی) بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی بارودۆخی دوای هەڵبژاردن سەردانی کوردستانی کرد، بۆ ماوەیەکیش لە کوردستان مایەوە. لەماوەی مانەوەی لە کوردستان جەختی لەوە کردەوە کە ئەمریکا، بەردەوام دەبێت لە پاراستنی خەڵکی کوردستان.(بارزانی، ٢٠٢٣، بەرگی پێنجەم، ١٢٣) هەرچەندە ئەمریکا ڕەزامەندی خۆی سەبارەت بە هەڵبژاردنەکە پیشاندا، بەڵام لە دابینکردنی پشتگیرییەکی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی بەرەو دانپێدانانێکی سیاسی هەنگاوبنێت، لە سەرەتادا سەرکەوتوو نەبوون، ئەوەش ڕەنگە پەیوەندی بە وڵاتانی دراوسێی عێراق، بەتایبەتی تورکیا و ئێران هەبووبێت. ( هۆف، لێزنبرگ، موولەر، ٢٠١٣، ١٤)

هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان سەرباری تێبینی لایەنەکان، گرنگترین پرۆسەی دیموکراسی بوو کە بەرەی کوردستانی پێی هەستا، لەگەڵ ئەوەی وڵاتانی دراوسێ دژایەتیان کرد، بەڵام بە هاوکاری ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی پرۆسەکە ئەنجامدرا.

## تەوەری چوارەم- بڕیاری دامەزراندنی حکومەتی هەرێم لە لایەن پەرلەمانەوە

پەرلەمـانی کوردسـتان، یەکەمـین کۆبـوونەوەی خـۆی لە ڕۆژی ٤ی حـوزەیرانی ١٩٩٢ گرێـدا. (٧)دوای تێپەڕینـی مانگێـك لەو بەرواره، حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان دامەزرا، (٨)بەڵام پشـکی گەورەی حکومەت بەر هەردوو هێزە سەرەکیەکە (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پـارتی دیمـوکراتی کوردستان) کەوت.( هۆف، لێزێنبرگ، موولەر، ٢٠١٣، ٥) هەر وەك چۆن کورسیەکانی پەرلەمانیان لە نێوان خۆیاندا نیوە بە نیـوە دابەشـکرد، بە هەمـان شـێوەش حکومەتیـان لە نێـوان خۆیانـدا دابەش کـرد.( Kurda, 2015,8) ئەوەی جـێگەی سـەرنج بـوو لە دانـانی وەزیرەکـانی کـابینەی حکـومەت، ئەگەر وەزیرێك لە پشکی یەکێتی یان پارتی بوایە، دەبوایە بریکارەکەی لە حیزبی بەرامبەر بـوایە و هەمـان دەسەڵاتەکانی وەزیرەکەشی هەبوایە، ئەوە لە کاتێکدا بوو هەردووکیان بۆ ڕاپەڕانـدنی کاروبارەکـانی حکومەت، لە حیزبەکانیانەوە فەرمانیان بۆ دەهات.( تاج الدين، ٢٠٠١، ١٣٥)

لەگەڵ ئەوەی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان دامەزرا، بەڵام بە هۆکـاری نـاکۆکی نێـوان لایەنە پێکهێنەرەکانی حکـومەت و بە تـایبەتیش هەردوو لایەنە سـەرەکییەکە(یەکێتی و پـارتی)، حکـومەت نەیتوانی ئەو ئەرکەی پێی سپێردرا بـوو جێبەجێـی بکـات. هەر ئەوەش هۆکـار بـوو بـۆ ئەوەی دوای ماوەیەك دەستوەردانی دەرەکی ڕۆڵ بگێڕێت لە ئاڕاستەکردنی کاروبارەکانی حکومەت، ئەوە جگە لە کێشەی ئابوری کە لە تواناى حکومەتی هەرێمدا نەبوو چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە.( شـيرازى، طـارمى، ١٣٨٤، ١٩٧)

دوای کۆبوونەوەکـانی پەرلەمـان و هەڵبژاردنـی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان، ئیـتر دەبـوایە لەڕێگەی بڕیارێکی پەرلەمانی کوردستانەوە شێوازی پەیوەدی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق دیاری بکرێـت. بارزانی باس لەوە دەکات ئەوان بەتەمای بەدەستهێنانی فیـدراڵی بـوون بـۆ گەلـی کـورد، هەر بـۆیە بەدوای هەلێکدا دەگەڕان تا ئەوە بسەلمێنن. لە سەردانێکی مەیدانیدا بۆ وڵاتانی ئەوروپا و دواتـریش ئەمریکا، ئەو پێشنیارەی خسـتوتە بەردەم وڵاتـانی زلهێـزی دونیـا، بەتـایبەتی دوای سـەردانەکەی بـۆ ئەمریکا و بینینی وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە(جەیمس بەیـکەر)، دەڵێـت" داوام لە بەیـکەر کـرد کە ئیتر پێویستە بەڕاشکاویی پشتگیری لە مافەکانی گەلی کورد بکرێت، لەوەڵامـدا ئەو پێـی وتـم، ئێـوە هیچ شێوازێکی دیاریکراوتـان هەیە بـۆ حـوکمڕانی خۆتـان، منـیش گـوتم بە بۆچـوونی مـن فیـدراڵی شێوازێکی زۆر گونجاو و سەرکەوتووە بۆ ئەم قۆناغە، مام جەلالیش خێرا گـوتی پشـتگیری قسـەکەی بـارزانی دەکەم، وەڵامـی داواکەی ئـێمە دوای ئەوە هـات کە بەیـکەر ڕاوێـژی بە تـیمەکەی کـرد و ڕایگەیانـد ئەمریکـا وڵاتێکـی فیـدراڵییە، ئەگەر وەك ئۆپۆزسـیۆن ڕێککەوتـن بـکەن، پـێمان خۆشـە"، ئەوەش بەمانـای پشـتگیری ئەمریکـا دەهـات لە سیسـتمی فیـدراڵی لە عێـراق، دواتـریش وەزارەتـی دەرەوە لە بەیاننامەیەکیدا ئاماژەی بەوە کـرد کە ئۆپۆزسـیۆنی عێراقـی لەسـەر هەر شـێوازێك ڕێـك بکەون بۆ حوکمڕانیی عێراق ئێمە پێی ڕازین.(بارزانی، ٢٠٢٣، بەرگی پێنجەم، ١٣٨).

## تەوەری پێنجەم- هەڵوێستی ئەمریکا و ئێران سەبارەت بە دامەزراندنی حکومەتی هەرێم و بڕیاری سیستمی فیدراڵی

هەڵوێستی ڕاشکاوی ئەمریکا سەبارەت بەو دۆخە تازەیەی کە لە کوردستان هاتبووە ئاراوە، دەوڵەتانی دراوسێی نیگەران کرد، بەتایبەتی تورکیا و ئێران. بۆ ڕەوینەوەی نیگەرانییەکانی ئەو دوو وڵاتە، ئەمریکا لە ڕێگەی دەیڤد ماك (David Mack)،نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەی دووپات کردەوە کە وڵاتەکەی پابەندە بە پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق، هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی ڕوویانداوە لە چوارچێوەی عێراقدا دەبێت، جەختی لەوە کردەوە هێزە ئۆپۆزسیۆنە عێراقیەکان بۆ خۆیان هەمان داواکارییان لە ئەمریکا هەبووە، هیچ لایەنێك لەگەڵ دابەشبوون یان دامەزراندنی کیانێکی نوێ نەبووە، هەر بۆیە وڵاتەکەی پابەندە بە بڕیارە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە عێراقی داهاتوو.( جريدة اخبار اليوم، ٢٢/اب/١٩٩٢)

ئێران، نیگەران بوو لەوەی کە کوردستانی عێراق، لە لایەن دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلەوە بەکار بێت دژ بە بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی، چونکە هەر لەسەرەتای بڕیاری دامەزراندنی حکومەتی هەرێم، ئەمریکا و ئیسرائیل پشتیوانیان لەو هەنگاوە کرد. ئەوەش بووبە مایەی نیگەرانی دەسەڵاتدارانی ئێران. هاوکات بە هۆکاری ئەوەی ژمارەیەکی بەرچاو کورد لە ئیسرائیل هەبوون، ئەوان ترسیان لەوە هەبوو ئیسرائیل، لە ڕێگەی ئەو کوردانەوە جارێکی دیکە بگەڕێتە بۆ کوردستان و بیکاتە پێگەیەکی بەهێزی سیخوڕی دژ بە بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی.( خسروی، ١٣٩٣، ٢٣٠-٢٣١)

دوای کۆبوونەوەی نوێنەرانی بەرەی کوردستانی لەگەڵ بەشێك لە وڵاتانی ناوچەکە و ئەوروپا و ئەمریکا، ئیتر ئەوەیان بۆ ڕوون بویەوە دەرفەتێك هاتۆتە پێشەوە بۆ ئەوەی کورد خۆی چارەنوسی خۆی دیاری بکات، بەتایبەتی هەڵوێستی ئەرێنیی ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا سەبارەت بە ڕاگەیاندنی سیستمی فیدراڵی بۆ هەرێمی کوردستان. بۆ ئەوەی دەرفەتەکە لە کیس نەچێت، پەرلەمانی کوردستان، وەك بناغەیەك بۆ پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق لە کۆبوونەوەی ٤ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٢دا، بڕیاری لەسەر دیاریکردنی سیستمی فیدراڵیدا. (٩)ئەو هەڵوێستەی پەرلەمانی کوردستان بوو بە مایەی نیگەرانی بۆ عێراق و دراوسێکانی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکرابوو.Katzman, Prados, 2005) )

لە ڕونکردنەوەیەکی پەرلەمانی کوردستاندا هاتبوو" گەلی کورد لەم بارودۆخە بە کۆڕا بڕیاریدا لەسەر چارەنووسی پەیوەندییە سیاسییەکانی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی، ئەمەش لەسەر بناغەی یەکێتییەکی فیدراڵی لە چوارچێوەی یەکێتییەکی دیموکراتی"، لەگەڵ ئەوەی بەشێك لە هێزە ئۆپۆزسیۆنە عێراقیەکان پشتگیریی ئەو بڕیارەی پەرلەمانی کوردستانیان کرد و لە کۆنگرەیەکیاندا کە

له ماوەی نێوان ٢٧-٣١ ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٢ له سەڵاحەدین ڕایانگەیاند کە بە فەرمی پشتگیری لە بڕیارەکەی پەرلەمانی کوردستان دەکەن، بەڵام ئەم بڕیارە لەسەر ئاستی جیهان و دەوڵەتانی دراوسێی عێراق و هەندێك لە هێزە ئۆپۆزسیۆنە شیعییەکانی نزیك لە ئێران، کاردانەوەی جیاوازی هەبوو.( لازاریف، ٢٠٠٨، ٥٤٩)

سەبارەت بە بڕیارەکەی پەرلەمان، بەرهەم ئەحمەد ساڵح، بەناوی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە، لە چاوپێکەوتنێکدا ئەوەی دووپات کردەوە بڕیارەکەی پەرلەمان بۆ پەیڕەوکردنی سیستمی فیدراڵی دەنگی ١٠٥ ئەندامی پەرلەمانی کوردستانی بەدەست هێناوە. هاوکات جەختی لەوەش کردەوە کە کورد، پێی باشە ناوچەکانی دیکەی عێراقیش، وەك کوردستان سیستمی فیدراڵی بیانگرێتەوە، هاوشێوەی ئەوەی کە لە ئەمریکا پەیڕەوی لێدەکرێت، ئەو خۆی لەو کاتەدا نیشتەجێی ئەمریکا بوو، بۆیە داوای ئەوەی دەکرد عێراقیش، هاوشێوەی ئەمریکا شێوازی بەڕێوەبردنی وڵاتەکەی بکرێت بە سیستمی فیدراڵی. ئێرانییەکان جەختیان لەوە دەکردەوە کە کوردەکان لە بڕیاری پێشوویان پاشگەز بوونەتەوە، چونکە سەرەتای ڕاپەڕین داوای خۆبەڕێوەبەرێتیان دەکرد، بەڵام لەڕێگەی پەرلەمانەوە داواکەیان گۆڕیووە بۆ فیدراڵی، ئەو هەڵوێستەی بەرهەم ساڵح بەناوی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، ڕەنگە مایەی نیگەرانی ئێرانییەکان بووبێت، بۆیە ڕۆژنامەی کەیهانی ئێرانی بەگرنگییەوە لە وتەکانی بەرهەم ساڵحی ڕوانی و هەموو چاوپێکەوتنەکەی لە ژمارەیەکی خۆیدا بڵاوکردەوە، ئەوان گومانی ئەوەیان هەبوو ئەو هەنگاوە بە هاندانی ئەمریکا بووبێت.( روزنامه کیهان، ١٣/مهر/١٣٧١)

دوابەدوای بڕیارەکەی پەرلەمانی کوردستان، ڕۆژنامەی جمهوری ئیسلامی زمانحاڵی حکومەتی ئێران، هێرشێکی توندی کردە سەر هێزە کوردستانییەکان و بڕیارەکەی بە دەسیسەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دایەقەڵەم. هاوکات ڕۆژنامەکە باسی لە سەردانی تاڵەبانی و بارزانی کرد بۆ تورکیا و پێدانی پاسپۆرتی سیاسی بەو دوو سەرکردە کوردە لە لایەن تورکیا و کۆبوونەوەیان لەگەڵ نوێنەرانی ئەمریکا بە نهێنی. هەموو ئەو هەنگاوانەی وەك ئامادەکاری بۆ بڕیارەکەی پەرلەمان ناوبرد، جگە لەوەش جەختی لەوە کردەوە کە بڕیاری سیستمی فیدراڵی لەشێوەی ئەوەی لە ئەمریکا پەیڕەوی لێدەکرێت بۆ کورد لە ژێر چاودێری و بە پێدانی گڵۆپی سەوزی ئەمریکا بووە. سەبارەت بە هەڵوێستی ئەمریکا، بۆ پشتگیریکردنی لە فیدراڵیەت بۆ کورد، ئەوەی دووپات کردەوە کە دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان پێیان خۆشە وڵاتانی ئیسلامی پەرتەوازە و بچوك بکەنەوە و دابەشی بکەن بۆ دەوڵەتۆکەی بچوك، بۆ ئەو مەبەستەش ئەوانە دەکەن بە فەرمان ڕەوا کە ئەڵقەلەگوێی خۆیانن، بەو شێوەیەش ئەو ئەجێندایەی کە خۆیان هەیانە جێبەجێی دەکەن. وەك ئاگادارکردنەوەیەك بۆ لایەنە کوردییەکان ئەوەی وەبیر هێنایەوە کە ئەگەر کوردەکان ئەو هەنگاوە بۆ ئەوە دەنێت کە لە ڕابردوودا سەدام حسێن ستەمی لێکردوون، ئەوا بێشك هەنگاوەکەی ئەوان بۆ دابەشکردنی خاکی

عێراق، لەوە تاوانی گەورەترە دەرهەق بە خەڵکی عێراق و کوردستانیش، چونکە لە کۆتاییدا ئەوەی کە ئەوان دروستی دەکەن دەبێتە داردەستی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی. هەر بۆیە ئەگەر کوردەکان مێژووی دەوڵەتە ئیستیعمارەکان بخوێننەوە لە سەدەی ڕابردوو، ئەوا بۆیان دەردەکەوێت، ئەو دەوڵەتانە هەرگیز بە قازانجی میللەتانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەنگاویان نەناوە.( روزنامە جمهوری اسلامی، ١٦/مهر ١٣٧١ )

ئێرانییەکان پێیان وابوو ئەو هەنگاوەی پەرلەمانی کوردستان کاریگەری دەبێت لەسەر هەوڵەکانی لایەنە ئۆپۆزسیۆنە عێراقییەکان بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی حوکم و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی سەدام حسێن لە عێراق. ئێران هەوڵی بۆ ئەوە دەدا، بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە شیعییەکانی لایەنگری وڵاتەکەی، هەوڵبدرێت کۆتایی بەدەسەڵاتی سەدام حسێن بهێندرێت لەسەر بنەمای پاراستنی تەواوی چین و توێژە عێراقییەکان و حکومەتێکی نوێ لەجێگەی دابمەزرێندرێت. لە کۆتا کۆبونەوەی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق لە لەندەن، هێزە شیعییەکانی لایەنگری ئێران جەختیان لەوە کردەوە کە بیر لە دامەزراندنی حکومەتێکی کاتی بکەنەوە بۆ عێراق لەدەرەوەی چوارچێوەی ئێستای حکومەتی عێراق. ئەو لایەنانە بنکەی سەرەکیان لە تاران بوو، بۆیە دوور نییە ئەو هەڵوێستانەیان بە هاندانی ئێرانییەکان بووبێت، چونکە ئێران نەیشاردەوە ئەوان دامەزراندنی حکومەتی هەرێم و سیستمی فیدراڵی بۆ کورد لە چوارچێوەی عێراقدا، قبوڵ نەبوو.( روزنامە اطلاعات، ٤/مهر/١٣٧١)

لەگەڵ ئەوەی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق، یەکێك بوو لە لایەنە هاوپەیمانەکانی هێزە کوردییە ئۆپۆزسیۆنەکان بە درێژایی ماوەی نێوان هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانیش، بەڵام دوای بڕیاری سیستمی فیدراڵی لە لایەن پەرلەمانەوە، ئەو ئەنجومەنەش ناڕەزایەتی توندی دەربری و ئەو هەنگاوەی پەرلەمانی بە تێکدانی لایەنە ئۆپۆزسیۆنە عێراقییەکان پیشاندا. ئەوان لە بەیاننامەکەیاندا سەبارەت بەو پرسە، ئەو بڕیارەی پەرلەمانی کوردستانییان بە هەنگاوێکی تاکلایەنە دایەقەڵەم. هاوکات ئەنجومەنەکە جەختی لەوە کردەوە، چارەنووسی گەلانی عێراق بەیەکەوە گرێدراوە و دەبێت بەیەکەوە بڕیاری لەسەر بدرێت.( روزنامە جمهوری اسلامی، ١٨/مهر/١٣٧١). نوێنەری ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق کە بەشداری کۆنگرەی لایەنە ئۆپۆزسیۆنە عێراقییەکانی کردبوو، لە میانی چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ئاژانسێکی هەواڵی فەرەنسا ڕایگەیاند" ئەوان لە کۆبوونەوەکەیان لەگەڵ لایەنە کوردییەکان بە هیچ شێوەیك ڕەزامەندییان دەرنەبڕیوە لەسەر سیستمی فیدراڵی بۆ کوردستان لە چوار چێوەی عێراقدا، ڕاستە ئەو پرسە لە لایەن بەرەی کوردستانییەوە پێشنیار کرا، بەڵام ئێمە پشتگیری ئەو پرسەمان نەکرد، ئێمە لە کۆتایی دانیشتنەکەماندا، جەختمان لە پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق کردەوە".( روزنامە اطلاعات، ٨/مهر/١٣٧١).پیشاندانی ناڕەزایەتی لایەنە شیعییەکانی نزیك لە ئێران سەبارەت بە فیدراڵیەتی

هەرێمی کوردستان، ئەگەری هەیە ئێران ناچاریکردبن ئەو هەڵویستە بنوێنن، چونکە ئەو وڵاتە بە هەموو شێوەیەك دژی چەسپاندنی سیستمی فیدراڵی بوو بۆ کورد لە چوار چێوەی عێراقدا. چونکە لە ئەگەری سەرکەوتنی کورد لە کوردستانی عێراق و چەسپاندنی فیدراڵیەت وەك نمونەیەکی سەرکەوتوو، دەبووە ڕێنیشاندەر بۆ کوردەکانی دانیشتووی ئیرانیش، بۆ ئەوەی داوای هەمان چارەنووس بکەن، ئەوە سەرباری ئەوەی هۆکاریش دەبوو بۆ ئەوەی سەرنجی میدیا جیهانییەکان بەلای خۆیدا ڕاکێشێت و جارێکی دیکە کێشەی کورد لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ببێتەوە جێگەی بایەخی وڵاتانی دونیا. لە ڕاستیدا پارتە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکانی ئێرانیش، لەبەر ڕۆشنایی خۆبەڕێوەبەرێتی کورد لە کوردستانی عێراق، ئەو داوایەیان لە حکومەتی ئێران کرد، وەك چارەسەرێکی سەرەتایی بۆ کێشەی کورد لەو وڵاتە، بەڵام هەر زوو داواکەیان ڕەتکرایەوە.( علویان و تبارسوتە، ١٣٩٩، ٢٠٤)

لەگەڵ ئەوەی ئەمریکا بە گرنگییەوە دەیڕوانییە هەڵبژاردن و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام لە هەمان کاتدا زۆر بە وریایی مامەڵەی لەگەڵ ئەو پرسەدا دەکرد، چونکە دامەزراندنی حکومەتی هەرێم لە کوردستانی عێراق پەیوەندی بە ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتانی دراوسێی عێراق هەبوو. ئەمریکا لەوە دڵنیا بوو ئەو وڵاتانە لەو دۆخە تازەیەی کە بۆ کوردستانی عێراق دروست بووە نارازین، ئەوەش ئەمریکای خستبووە گێژاوی ئەوەی لە لایەك کورد و حکومەتەکەی بپارێزێت، لە لایەکی دیکەشەوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیای هاوپەیمانی تێك نەچێت. ئەوە سەرباری نارەزایەتی توندی ئێرانیش، دیسان بۆ ئەمریکا مایەی هەڵوێستە لەسەرکردن بوو، چونکە نەیدەویست گرژییەکانی لەگەڵ ئێران بە هۆکاری دەستوەردانی لە کوردستانی عێراق زیاتر بێت.( شیخ نشین، قدیمی، ١٣٩١، ٦٦)

هەڵوێستی دەوڵەتە هەرێمییەکان لەسەر کوردستانی عێراق دوای بڕیارەکەی پەرلەمان توندتر بوو. لەو چوارچێوەیەدا عەلی ئەکبەر ولایەتی وەزیری دەرەوەی ئێران ڕایگەیاند" هەندێ لە وڵاتانی ڕۆژئاوا خەریکن کێشەکە ئاڵۆزتر دەکەن، بۆ نمونە هەڵوێستیان بەرامبەر مەسەلە هەستیار و ناسکەکان وەك مەسەلەی کورد، چونکە دروستکردنی هەرجۆرە ئۆتۆنۆمیەك لە باکوری عێراق کاردانەوەی نەرێنی دەبێت بۆ سەر دەوڵەتانی ناوچەکە، بەتایبەتی تورکیا، بۆیە پێویستە ڕێگە لە هەر جۆرە دەستێوەردانێکی دەرەکی بگیرێت، سەروەری تەواوی عێراق زۆر گرنگە بۆ گەلەکەی و وڵاتانی عەرەب و جیهانی ئیسلامی و ئەگەر عێراق پارچە پارچە بکرێت، ئەوە کۆتایی بە کێشەکە نایەت، بەڵکو دەبێتە سەرەتای ئاڵۆزی و ئەنجامەکەی کارەساتە".( هیتۆتی،٢٠٠٩، ٨٧)

هەرسێ دەوڵەتی ئێران و تورکیا و سوریا، بە هۆکاری پشتگیری ئەمریکا لە حکومەتی کوردستان، ئەوانیش بەناچاریی ئەو دۆخە تازەیەی کەلە ناوچەکە دروست بوو پێی ڕازی بوون، بەڵام هەرسێ دەوڵەت جەختیان لە یەکپارچەیی خاکی عێراق کردەوە و بە توندی دژی ئەوە وەستانەوە کە خاکی

عێراق دابەش بکرێت و دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ کورد دروست بکرێت، چونکە لە ئەگەرێکی وا گریمانەی ئەوەیان لەلا دروست بوو، کە ڕەنگە کوردانی ناو دەوڵەتەکەی ئەوانیش داوای هەمان چارەنووس بکەن.( حافظ نیا،محمد رضا، ١٣٨٥، ٢٩)

بەشێك لە نیگەرانییەکانی ئێران، سەبارەت بە چەسپاندنی فیدراڵی و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوە دەگەڕایەوە ئەو وڵاتە هەر لەسەرەتاوە نیگەران بوو لە هێرشی هێزە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکانی وڵاتەکەی کە نیشتەجێی هەرێمی کوردستان بوون، جگە لەوەش دەستوەردانی دەرەکی بەتایبەتی هەڵوێستی ئیسرائیل و ئەمریکا، کە دوژمنی ئێران بوون، بە تەواوی ئەوانی نیگەران کردبوو. چونکە بە بڕوای ئێران، ڕەنگە لە قۆناغی دواتردا ئەو وڵاتانە لە ڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی بخەنە مەترسیەوە. هەر بۆیە ئێران زۆر دژی ئەوە بوو کوردستان لە عێراق جیابکرێتەوە.( شیاری و فرهنگی،١٣٩٩، ٢٨٥)

دەسەڵاتدارانی ئێرانی بە گومان بوون لە پشتگیری ئیسرائیل بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەوان پێیان وابوو ئیسرائیل لەو ڕێگەیەوە دەیەوێت فشارەکان لەسەر خۆی کەمکاتەوە و دەوڵەتانی ناوچەکە سەرقاڵی کێشەیەکی نوێ بکات کە خۆی دەبینییەوە لە ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیی. جگە لەوەش بە بڕوای ئێران لە ئەگەری سەربەخۆیی کوردستان، زەمینە بۆ دەستوەردانی ئیسرائیل لە ناوچەکە فەراهەم دەبێت. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە ئێرانییەکان کوردیان بەوە تۆمەتبار دەکرد کە پەیوەندی ڕاستەخۆیان لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیە، بناغەی پەیوەندییەکەش دەگەڕێتەوە بۆ شەستەکانی سەدەی ڕابردوو.( کریمی، ١٣٩٦، ١٣٤-١٣٥) ئێران زۆر دژی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بوو لە کوردستانی عێراق، پێی وابوو کورد دەیەوێت لە ڕێگەی هاوکاری ئەمریکا و ئیسرائیلەوە دەوڵەت دروست بکات. ئەوەش بۆ ئەوان مایەی نیگەرانی بوو، چونکە ئێران، ئەمریکا و ئیسرائیلی بە دوژمنی خۆی دەزانی، لەئەگەری پەیوەندی کورد و ئەو دوو دەوڵەتە بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی لە ناوچەکە دەکەوتە مەترسیەوە.(مکی، ٢٠٢١، ١٤)

سەرباری مەترسی ئێران لەسەر بەدەستهێنانی فیدراڵیەت بۆ کورد لە چوارچێوەی عێراق و ئەگەری گواستنەوەی ئەو ئەزمونە بۆ کوردستانی ئێران، بەڵام مەترسی جددی ئەو وڵاتە زیاتر خۆی دەبینییەوە لە جێگیر بوونی ئەمریکا لە کوردستانی عێراق. چونکە ئەمریکا بە بیانووی پاراستنی کورد لە چوارچێوەی پرۆژە بڕیاری ناوچەی ئارام، هێزی سەربازی خۆی جگە لە تورکیا لە سنوری پارێزگای دهۆکیش جێگیر کردبوو. ئەوە جگە لە بوونی دەزگای هەواڵگری لە شاری سلێمانی و هەولێر، ئێران ترسی هەبوو ئەمریکا لەو ڕێگەیەوە ئاسایشی وڵاتەکەی بخاتە مەترسیەوە.( حیدری، اژدری، معصومی، ١٣٩٩، ١٠٦)

بڕیارەکەی پەرلەمانی کوردستان، لەلایەن پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی کوردستانی ئێرانەوە پیشوازی لێکرا، ئەو لایەنانە دوای بڕیاری ناوچەی دژە فڕین، بەشێکیان لە کوردستانی عێراق نیشتەجێ بوون،

بوونی ناوچەیەکی کوردی ئارام بۆ ئەوان زۆر گرنگ بوو، هەربۆیە بەخێرایی لە لایەن ئەو پارتانەوە پێشوازی لە بڕیارەکە کرا. لای خۆشیەوە ئێران کە نەیاری ئەو پارتانە بوو، ڕاستەوخۆ هەڵوێستی فەرمی خۆی دووپات کردەوە کە وڵاتەکەی پێی وایە ئەو بڕیارە سەردەکێشێت بۆ دەوڵەتی کوردی، ئەوەش ئەمن و ئاسایشی وڵاتەکەی دەخاتە مەترسیەوە، هەر بۆیە ئەوان دژی ئەو بڕیارە دەوەستنەوە. هاوکات جەختیشی لەوە کردەوە ئەو بڕیارە نەك تەنها بۆ ئێران، بەڵکو بۆ تورکیا و سوریا و عێراقیش مایەی نیگەرانییە.( عمادى ، سيمبر ، ١٤٠٠، ١٢٣-١٢٤)

هەرچەندە ئێران، لەسەرەتادا دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بەمەترسی بۆ سەر ئاسایشی وڵاتەکەی لەقەڵەمدا و پێی وابوو پارتە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکانی ئێران، کە لەدوای ساڵی ١٩٩١وە نیشتەجێی کوردستانی عێراق بوون، لەوێوە بەردەوام دەبن لە چالاکی و هێرش بۆ سەر وڵاتەکەی. ئێران لە ڕێگەی بەکارهێنانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانی عێراق، توانی سوود لە دامەزراندنی حکومەتی هەرێم وەربگرێت، تاوەکو پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی کوردستانی ئێران ناچار بکات کە لە خاکی هەرێمەوە هێرش نەکەنە سەر ئەو وڵاتە، ئەوەی لەسەردەمی دەوڵەتی بەعس و لە ساتی جەنگی عێراق ئێران کارێکی ڕۆژانەیان بوو. ئەو پارتانەش لە قۆناغی دواتردا بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی تازەی کوردستانی عێراق، بڕیاریاندا هێرشەکانیان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی ئێران ڕابگرن. (نادر، هانوئر و دیگران، ١٣٩٦، ٧٥)

لەگەڵ ئەوەی ئێران بە شێوەیەکی فەرمی دانی نەنا بە حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێگەی نەدا نوێنەرایەتی بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وڵاتەکەی بکرێتەوە، بەڵام ڕێگەیدا بە هەردوو پارتە سەرەکیەکەی کوردستان کە پێکهێنەری حکومەت بوون، هەر یەکەیان نوسینگەی تایبەتی پارتەکەی خۆی لە ئێران کردەوە، بۆ ڕاپەڕاندی کاروبارەکانی تایبەت بە ئێران و پارتەکەیان، سەرباری ناڕەزایەتی ئێران لەسەر دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام بە ئامانجی دەستکەوتی ئابوری، ئێرانیەکان چەند دەروازەیەکی سنوری نێوان وڵاتەکەی و هەرێمی کوردستانیان بە فەرمی ناساند، وەك دەروازەی حاجی ئۆمەران لەسنوری دەسەڵاتی پارتی و دەروازەی پەرویزخان و باشماخ لە سنوری دەسەڵاتی یەکێتی، ئەوەش بە ئامانجی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستان، کە لە ڕووی ئابووریەوە بۆ ئێران زۆر گرنگ و پربایەخ بوو، داهاتێکی باشی لێوە دەست دەکەوت و شتومەکی ئێرانی لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان ساغ دەکرایەوە. سەرباری ئەوەش، ئێران توانی لە ڕێگەی پەیوەندیەکانی بە هەرێمی کوردستانەوە، هەماهەنگی ئەمنی زیاتر بکات و لە ڕێگەیەوە پارێزگاری لە سنوری وڵاتەکەی بکات لە هێرشی هێزە ئۆپزسۆینەکانی ئێران، کە لە کوردستانی عێراقدا نیشتەجێ بوون.( حق پناه، ١٣٨٧، ١٨٤-١٨٥)

لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستان، چوارچێوەیەکی یاسایی وەرگرت و لە لایەن وڵاتانی ئەورووپی و ئەمریکاوە، مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا و یارمەتی پێشکەش دەکرا، بەڵام ئێران هێشتا بە دوودڵییەوە

لە قەوارەی هەرێمی کوردستانی دەڕوانی. چونکە ئەوان پێیان وابوو هەنگاوی یەکەم بریتیە لە هەرێمێکی فیدراڵی بۆ کورد لە چوارچێوەی عێراق و ڕەنگە هەنگاوی دووەم بریتیبێت لە دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، ئەوەش بەلای ئێرانەوە مایەی قبوڵ کردن نەبوو، هەر بۆیە ئێران بە درێژایی ساڵانی نەوەدەکان، دانی بە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نەنا. پەیوەندییەکانی ئێران بە هەرێمی کوردستانەوە لە چوارچێوەی پارتە کوردییەکاندا بوو بەتایبەتی یەکێتی و پارتی وەك دوو پارتی دەسەلاتدار لە هەرێمی کوردستان. ئێران بەردەوام هەوڵی دەدا بالانس ڕابگرێت لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتی و پارتیدا، بۆ ئەوەی هیچ لایەکیان بەتەواوی سەرنەکەوێت بەسەر لایەکەی دیکەدا. ئەوەش وادەکات، هەردوو لایەن بەردەوام پێویستیان بە ئێران بێت بۆ چارەسەرکردنی کیشەکانی نێوانیان، بەو شێوەیەش ئێران لە باتی گرێدانی پەیوەندی بە هەرێمی کوردستان، پەیوەندی لەگەڵ پارتە کوردییەکان گرێدا.( مکی، ٢٠٢١، ١٣)

دەزگای هەواڵگریی عێراق لەڕاپۆرتێکی نهێنیدا لە ساڵی ١٩٩٣، سەبارەت بە دەستوەردانی ئێران لە کوردستانی عێراق، لە میانی ئالوگۆڕی زانیاری سەبارەت بە پێکهاتە و جموجوڵەکانی دەزگا هەواڵگرییەکانی ئێران و فەیلەقی قودسی سەر بە سوپای پاسداران و لقەکانی، ئاماژە بە بوونی بنکە و بارەگای سەر بەو سوپایە دەکات لە ناو خاکی هەرێمی کوردستان. لە ڕاپۆرتەکەدا، باس لە بوونی چوار بنکەی سەر بە قەرارگای ڕەمەزان، وەك لقێکی سەر بە فەیلەقی قودس دەکات، کە کاری سەرەکییان یارمەتیدانی هێزە کوردییە نەیارەکانی عێراقە لە ناوخاکی کوردستان، ئەوانەش بریتین لە بنکەی دیانا، بنکەی سلێمانی لەناو شاری سلێمانی، بنکەی هەولێر لە ناو شاری هەولێر و بنکەی پێنجوێن، هاوسنوری بنکەی سەرەکی قەرارگای ڕەمەزان لە شاری مەریوانی ئێران.( ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی، SKE8.421) شایەنی باسە، تەواوی زانیارییەکانی دەزگا هەواڵگرییەکەی عێراق، لە لایەن ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقەوە، پێی دراوە، وەك لە ڕاپۆرتە نهێنییەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە.

دۆزی کورد و حکومەتێکی هەڵبژێردراوی کوردستانی، بووبە مایەی نیگەرانی ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە. لەو چوارچێوەیەدا، هەرسێ دەوڵەتی تورکیا و سوریا و ئێران، تەواوی هەوڵەکانی خۆیان خستەگەڕ بۆ لەناوبردنی ئەو فیدراڵیەتەی کە پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەر دابوو.

یەکەمین پرۆتۆکۆلی ئاسایش لە نێوانیاندا، لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٢ لە ئەنقەرە بەسترا، ئەوان جەختیان کردووە کە یەکپارچەیی خاکی عێراق دەپارێزن. هاوکات سیستمی فیدراڵی بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە عێراق ڕەتکرایەوە و بە هەڕەشە و مەترسی گەورەیان دانا بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکە.( هیتۆتی، ٢٠٠٩، ٨٧) وەزیری دەرەوەی ئێران، ڕایگەیاند "هەرسێ وڵاتی ئێران و تورکیا و سوریا نارازین لەو دۆخە تازەیەی کە لە باکوری عێراق هاتۆتە ئاراوە، جەختیشی لەوە کردووە کە

ئەوان هەرگیز ڕازی نابن بە دابەشکردنی خاکی عێراق، بەتوندیش ئەوە ڕەتدەکەنەوە کە لە باکوری عێراق دەوڵەتێکی نوێ دروست بکرێت و ڕێگە بەو کارە نادەن".( محمدی، ١٣٩٨، ٧٢) کاردانەوەی نەرێنی دەوڵەتانی هەرێمی لەسەر فیدراڵیەتی کوردستانی عێراق، پەرلەمانی کوردستانی هێنایە سەر خەت و نامەیەکی ئاڕاستەی هەر سێ دەوڵەتەکە کرد. لە نامەکەدا ئاماژە بەوە کرا کە "هەڵبژاردن لە ئەنجامی کشانەوەی ئیداراتی حکومەتی ناوەندی بووە، حکومەتی کوردستان دەست لە کاروباری دەوڵەتانی دراوسێی وەرنادات، سەبارەت بە فیدراڵیەتیش دڵنیایی ئەوەیدا کە ئەو پرسە نابێتە هۆکاری دابەشکردنی خاکی عێراق بەڵکو یەکێتی خاکەکەی دەپارێزێت".( هیتۆتی، ٢٠٠٩، ٨٧)

هەنگاوەکانی پەرلەمانی کوردستان، پاڵپشتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هەبوو، چەندین جار جەختیان لەوە کردەوە ئەوان هەموو هەوڵێکی خۆیان دەخنە گەڕ بە ئامانجی پاراستنی خەڵکی هەرێمی کوردستان لە هەر دەستدرێژییەکی سوپای عێراق و هێزە کوردستانییەکانیشیان لەوە دڵنیا کردەوە ناوچەی دژە فڕین پاراستنی لە ئەستۆی ئەواندایە. هەر بۆیە کاتێك فڕۆکەیەکی سەربازی عێراقی لە کانوونی دووەمی ١٩٩٣ ئاسمانی ناوچەی دژە فڕینی بەزاند، لە لایەن فڕکەی هاوپەیمانانەوە خرایەخوارەوە، ئەمریکا ئەو پەیامەی دا بە گوێی عێراقییەکاندا، کە ڕێگەنادەن فڕۆکەکانی عێراق ناوچەی دژە فڕین ببەزێنن.( جريدة الاهرام، ١٨/كانون الثانی/١٩٩٣)

پشتگیری ئەمریکا بۆ کوردستانی عێراق و ئەو ئەزمونە حوکمڕانییەی کە دروستی کردبوو، مایەی مەترسی بوو بۆ ئێرانییەکان. چونکە ئەو وڵاتە پێی وابوو لەئەگەری سەرکەوتنی حکومەتی کوردستان و بەردەوامی هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ کورد، ڕەنگە ئەوە بێتە مایەی ئەوەی کوردانی وڵاتەکەی ئەویش لە ڕێگەی پارتە کوردییە ئۆپۆزسیۆنەکانەوە هەوڵی ئەوە بدەن هاوشێوەی کوردانی عێراق داوای هەمان چارەنووس بکەن. جگە لەوەش، ئێران پێی وابوو، ئەمریکا و ئیسرائیل لە ڕێگەی دەزگا سیخوڕیەکانیانەوە، هەوڵی دەستوەردان ئەدەن لە کوردستانی ئێران. سنوری بەرفراوانی کوردستانی عێراق بە ئێرانەوە، یەکێکی دیکە بوو لە نیگەرانییەکانی ئەو وڵاتە. چونکە بە بڕوای ئەوان، ئەمریکا دەتوانێت بە ئاسانی لەڕێگەی کوردستانی عێراقەوە، ئاسایشی ناوچە سنورییەکانی بخاتە مەترسیەوە. هەربۆیە ئێران دژی هەر هەوڵێك دەوەستایەوە سەبارەت بە سەرخستنی ئەزمونی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان بدرایە.( حیدری، اژدری، معصومی، ١٣٩٩، ٩٥)

لە ٢٤ی نیسانی ١٩٩٣دا، بارزانی بە مەبەستی ئەنجامدانی سەردانی ئەمریکا و بەشێك لە وڵاتانی ئەوروپا، سەفەری دەرەوەی وڵاتی کرد. سەردانەکەی بارزانی، لەسەر بانگهێشتی تایبەتی ئەمریکا بوو بۆ هێزە ئۆپۆزسیۆنە عێراقیەکان. سەرکردەکانی بەشێك لە هێزە ئۆپۆزسیۆنە عێراقیەکان، لە ئەمریکا بەیەکەوە دیدار و کۆبوونەوەیان لەگەڵ لێپرسراوانی باڵای ئەمریکا ئەنجامدا. تاڵەبانی و ئەحمەد چەلەبی و چەند سەرکردەیەکی دیکەش، بەشداری ئەو دیدارو کۆبوونەوان بوون.( بارزانی، ٢٠٢٣، بەرگی پێنجەم، ١٦٤)

وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا، ئاماژەی بەوە کرد کە "بڕیاری ئەمریکا ئەوەیە کە دادگایەکی دەولی دروست بکرێت بۆ ئەوەی سەرانی ڕژێمی حوکم لە عێراق، وەك تاوانباری شەڕ بدرێنە دادگا، هاوکات داوای هاوکاری و بەڵگەنامەی پێویستی کرد لەو بارەیەوە".( گەوهەری، بێ ساڵی چاپ، ٥٠-٥١)

دوای ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا، لایەنە کوردستانیەکان لە سەرو هەموویانەوە هەردوو پارتە دەسەڵاتدارەکە، هەوڵێکی زۆریاندا بۆ ئەوەی هاوکاریی دارایی لە دەرەوە وەربگرن تا بتوانن پێداویستیەکانی حکومەتەکەیانی پێ پڕبکەنەوە. چونکە هیچ جۆرە هاوکارییەکیان لە لایەن حکومەتی ناوەندیەوە پێنەدەدرا. ئەوە سەرباری ئەوەی ئەو داهاتەی کە لە ناوخۆ دەستیان دەکەوت بەشی خزمەتگوزاریەکانی نەدەکرد. چونکە تەواوی شار و شارۆچکە کوردستانیەکان لە دەر ئەنجامی ڕاپەڕین وێران بوو بوون، بۆیە پێویستان بە دووبارە نۆژەنکردنەوەو دروستکردنەوەی بینا و دامەزراوە حکومەییەکان هەبوو، بارزانی لە مانگی حوزەیرانی ١٩٩٣ ڕایگەیاند " دوای ئەنجامدانی هەوڵێکی دوو مانگە بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا، نەمانتوانی هیچ جۆرە یارمەتیەك دەست بخەین، بۆیە ئێمە ئێستا دوو ڕێگامان لە بەردەمدایە، یان ئەوەتا جارێکی دیکە پەنا بەرینەوە ئێران و تورکیا و ببینەوە بە پەنابەر، یان ئەوەتا خۆمان بدەینەوە دەست سەدام حسەین".( عبدالناصر، ١٩٩٧،٥٠)

دوای ئەوەی دەنگۆی ئەوە بڵاوبوویەوە کە کورد لەو دۆخەی تێی کەوتووە ڕەنگە نەتوانێت بەردەوامبێت، لە ٣٠ حوزەیرانی ١٩٩٣ لەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا، داوای ئەوەکرا، پەلە بکرێت لە ناردنی پارە بۆ خەڵکی کوردستان، هاوکات لە کۆبوونەوەکەدا جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە بەهۆکاری ئەو گەمارۆ ئابورییەی کە حکومەتی عێراق، لەسەر کوردستانی داناوە، باروذۆخی ئابووریی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کورد بەتەواوی خراپ بووە، هەر بۆیە داوایەك ئاڕاستەی حکومەت و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کرا، بۆ ئەوەی ئەو یارمەتییە داراییەی کە تەرخان کراوە هەرچی زووە بگاتە دەست کوردەکان، ئەگینا بە هاتنی وەرزی زستان کوردەکان بە برسێتی دەمێننەوە. سووربوونی بەشێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی پیران و ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا بۆ یارمەتیدانی کورد، دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێم، بۆ ئەوە بوو کورد، بتوانێت ئەو پرۆسەیە بەسەرکەوتوویی تێپەڕێنێت. ئەوان بەردەوام جەختیان لەوە دەکردەوە کە پێویستە یارمەتی کوردەکان بدرێت بۆ ئەوەی ئیدارەیەکی سەربەخۆ و خۆبەڕێوەبەر لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان پێکبهێنن.( میهۆ، ٢٠٠٩، ٥٤١)

بارودۆخی ئابووریی کوردستان، لەوپەری خراپیدا بوو، قاچاخچێتیی بە شێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبووبوویەوە، بەجۆرێك لە توانای حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نەبوو چارەسەری دۆخەکە بکات. لە لایەك گەمارۆی ئابووریی عێراق و لە لایەکی دیکە گەمارۆی نێودەوڵەتی کە بەسەر عێراقدا

سەپێندراو بوو، بارودۆخی خەڵکی کوردستانی زۆر قورس کردبوو. وڵاتانی دراوسێش(تورکیا و ئێران) ئامادە نەبوون هاوکارییەکی ئەوتۆی حکومەتی هەرێم بکەن. تەنانەت ئەوان دەستیان هەبوو لە پارمەتیدانی ئەو کەس و لایەنانەی کە سەرقاڵی قاچاخچێتی بوون، هەر بۆیە دۆخەکە بە جۆرێك دژوار بوو کە بەتەنها حکومەت نەیدەتوانی چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە و پێویستی بە هاوکاری دەرەکی هەبوو.( گەلاڵی، ٢٠٠٩، ١٤٣)

ئەمریکا ئاگاداری ئەوە بوو، کە پارتە کوردستانیەکان زۆر پێویستییان بە پارمەتی دارایی هەیە، بۆ ئەو مەبەستەش کۆنگرێسی ئەمریکا، ڕازی بوو بڕی ٤٠ ملیۆن دۆلار بە ئامانجی بەهێزکردنی هێزە ئۆپۆزسیۆنە عێراقیەکان بە کورد بدات، تا بتوانێت لە ڕێگەیەوە پەیوەندی بکات بە سوپای عێراق و کارمەندانی هێزە ئەمنییەکان. تەنانەت ئەمریکا ڕادیۆیەکیشی دامەزراند، بۆ ئەوەی دژ بە ڕژێمی عێراق کار بکات، ئەمریکا، لەو پارمەتییە داراییە مەبەستی بوو لەو ڕێگەیەوە فشار بخاتە سەر حکومەتی عێراق و سەدام حسێن لەسەر دەسەڵات لابدات.( خاروداکی، ٢٠٠١، ٣٠٧)

سیاسەتی ئەمریکا، سەبارەت بە گۆڕینی ڕژێمی حوکم لە عێراق نەگۆڕ بوو، هەر بۆیە سەرقاڵی پلانی ئەوە بوون چۆن بتوانن بە کەمترین تێچوو، کۆتایی بە دەسەڵاتی سەدام حسێن بهێنن. لەو پێناوەدا چەندین بیرو بۆ چوونی جیاواز لە لایەن سیاسەتمەدارو کەسایەتییە سەربازییەکانی ئەو وڵاتەوە پێشکەش بە سەرۆکی وڵات کرا بۆ ئەوەی کۆتایی بە ڕژێمی حوکم لە عێراق بهێنن. لەو نێوانەدا پێشنیارێك هەبوو، ئەویش بریتی بوو لە هاوکارییکردنی کۆنگرەی نیشتیمانی کە بەشێکی زۆر لە هێزە کوردستانی و عەرەبیی و تەنانەت سەربازانی سوپای عێراقیش کە لە سەدام جیابووبوونەوە لەخۆگرتبوو. ئەمانە بنکەی سەرەکیان لە هەرێمی کوردستان هەبوو، هەربۆیە پێشنیارەکە ئەوە بوو ئەو سزا ئابوورییەی بەسەر عێراقدا سەپێنرابوو، لەسەر کوردستان سووك بکرێت و هاوکاری مرۆییان پێبدرێت بۆ ئەوەی بەهێز بن. ڕاپۆرتە هەواڵیەکان باسیان لەوە کرد کە ئەمریکا، بڕی ٤٠ ملیۆن دۆلاری بە شێوەیەکی نهێنی بۆ پارمەتیدانی هێزە ئۆپۆزسیۆنە عێراقییەکان لە ساڵی دارایی ١٩٩٣دا تەرخانکرد. ( العلاف، دون تاريخ النشر، ١٠)

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی هەشت مانگ لە دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی نەیتوانیبوو ئەوەی پێی سپێردراوە ئەنجامی بدات، بەڵام تاڵەبانی لە بروسکەیەکدا بۆ نەوشیروان مستەفا، باس لەوە دەکات لە ئێستادا پەیوەندییەکانمان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ زۆر باشە، بەهۆکاری ئەوەی توانیبوویان پارتی کرێکارانی کوردستان ڕازی بکەن کۆتایی بە شەڕ بهێنێت و کێشەکانی لەگەڵ حکومەتی هەرێم و تورکیا بە گفتووگۆ چارەسەر بکات. نوێنەرانی ئەمریکا و فەرەنسا و ڕوسیاش، ئەو هەڵوێستەیان زۆر بە لاوە پەسەند بوو. سەبارەت بە پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێم و ئێرانیش، باس لەوە دەکات وەفدێکیان ناردووە بۆ ئێران و وەڵامی ئێرانییەکانیش ئەرێنی بووە. ئەوە جگە لەسەردانی وەفدی باڵیۆزخانەی ئێران بۆ لای تاڵەبانی کە لە سووریا بووە،

ئەوانیش هەڵوێستی ئەرێنیان هەبووە سەبارەت بەو دۆخە تازەیەی کە هاتبووە ئاراوە. ناردنی ئەو بروسکەیەی تاڵەبانی، کەلە ڕۆژی ٤ی ئاداری ١٩٩٣،( ڕەشید، ٢٠٢٣، ١٨٧-١٨٨) لە کاتێکدا بووە ئەگەری لێدانی عێراق هەبووە لە لایەن هێزی هاوپەیمانان بەسەرۆکایەتی ئەمریکا. هەر بۆیە تاڵەبانی سەردانی وڵاتانی عەرەبی کردووە، بە ئامانجی بینینی سەرۆك و لێپرساوانی باڵای ئەو وڵاتانە و زانینی هەڵوێستیان سەبارەت بە ئەگەری لێدانی عێراق.

هەرسێ دەوڵەتی دراوسێی عێراق( ئێران و تورکیا و سوریا)، بەردەوام بوون لە دژایەتیی کردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەو پێناوەشدا بەردەوام بوون لە کۆبوونەوە بۆ ئەوی ڕێگری لە پەرەسەندنی بکەن. چونکە بە بڕوای هەرسێ دەوڵەت، ئەوەی کە لە کوردستانی عێراق ڕوویداوە، ئەگەری هەیە بگوازرێتەوە بۆ وڵاتەکانی ئەوانیش. هەر بۆیە لە کۆبوونەوەی ٥ی شوباتی ١٩٩٤دا، وەزیرانی دەرەوەی هەرسێ وڵات، لە شاری ئەستەمبوڵی تورکیا کۆبوونەوە، تەوەری سەرەکی کۆبوونەوەکەیان تایبەت بە بارودۆخی کوردستانی عێراق بوو. هەرسێ دەوڵەت جەختیان لەوە کردەوە کە ئەوان گوێ لە داواکاری عێراق دەگرن، بە هەموو شێوەیەك نارەزایەتیی خۆیان پیشاندا سەبارەت بە بوونی خۆبەڕێوەبەرێتی کوردی لە کوردستانی عێراق، لە ژێر سەرپەرشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان. دژایەتی ئەو وڵاتانە بۆ دۆزی کوردی، سەرباری ئەو کێشە گەورانەی کە لە نێوانیاندا هەبوو، بەڵام سەبارەت بە دژایەتیی دۆزی کورد، هەڵوێستیان یەك بوو. تەنانەت ئامادە بوون چاوپۆشی لە کێشەکانی خۆیان بکەن و هەڵی پەسێرن، بۆ ئەوەی بتوانن پێکەوە ڕووبەڕووی ئەو دۆخە تازەیە ببنەوە کە لە ناوچەکەدا هاتبووە ئاراوە.( حافظ نیا،محمد رضا، ١٣٨٥، ٢٩)

لەگەڵ ئەوەی لە سەرەتای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێرانییەکان هەڵوێستی دوژمنکارانەی خۆیان نەشاردەوە و ڕایانگەیاند ئەوان ئامادە نابن دان بەو حکومەتەدا بنێن، بەڵام دواتر بەهۆکاری نزیکیان لە پارتە دەسەڵاتدارەکان، توانیان ئەو دۆخە تازەی هاتە ئاراوە لە بەرژەوەندی خۆیان بەکار بهێنن، هاوکات یارمەتییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانیش نابێت نادیدە بگیرێت لەو بارەیەوە.

## دەرەنجام:

– لەگەڵ ئەوەی بڕیاری هەڵبـژاردن و دامەزرانـدنی پەرلەمـانی کوردسـتان، لە لایەن بەرەی کوردسـتانییەوە درا، بەڵام ئەمریکا ئەو بڕیارەی بەلاوە پەسـەند بـوو، بـۆ ئەو مەبەسـتەش بڕیاریـدا یارمەتی بەرەی کوردسـتانی بـدات و ڕێـگە نەدات حکـومەتی عێـراق دەسـتوەردان بکـات، ئامـانجی ئەمریکا لە پشتگیریی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوە بـوو، کە بە شـێوەیەکی دیموکراسـی دەسـەڵات لە نـاوچەی دژەفـرین بچەسـپێت، بـۆ ئەوەی لەژێـر سـێبەری پاراسـتنی دیموکراسـی ، بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی لە ناوچەکە بپارێزێت.

– دژایەتی ئێران بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە ئەو وڵاتە لەسەرەتای پڕۆسەکەوە پێی وابوو، هەرێمـی کوردسـتان دەبێـتە پەناگەیەکی ئارام بۆ هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە، ئەوەش مایەی مەترسـی بـوو بـۆ سـەر ئەمـن و ئاسایشی وڵاتەکەی، چونکە سنورێکی بەرفراوانی بەهەرێمی کوردستانەوە هەبوو. جگە لەوەش پـێی وابوو پارتە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکانی ئێرانیش لە ڕێگەی بەکارهێنانی خـاکی هەرێمـی کوردسـتان، کە لێـی نیشـتەجێ بـوون و بە هانـدانی ئەمریکـا، هێـرش بـکەنە سـەر وڵاتەکەی بەتـایبەتی نـاوچە سنورییەکان.

– هەرچەنـدە ئەمریکـا جەختـی لە پاراسـتنی یەکپـارچەیی خـاکی عێـراق دەکـردەوە، بەڵام پشتگیریکردنی بڕیاری پەرلەمانی کوردستان لە سیسـتمی فیـدراڵی ، گومـانی ئەوەی لای ئێرانییەکـان دروستکرد، کە ئەوە هەنگاوی یەکەمەو ڕەنگە ئەمریکا نیازی هەبێت دەوڵەتێـك بـۆ کـورد، دروسـت بکات و عێراق دابەش بکات. بەهۆکاری بوونی کورد لە وڵاتەکەی، مەترسـی ئەوەی هەبـوو کـوردانی ئەو وڵاتەش داوای هەمان چارەنووس بکەن.

## پەراوێزەکان

(١) لەگەڵ ئەوەی شاری کەرکوك زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردنشین بوون، هاوکات شاری موسڵیش دانیشتوانێکی زۆری کوردی لێیە، بەڵام نەکەوتنە ناو سنوری ناوچەی ئارام، ئەوە ڕەنگە بەهۆکاری ئەوە بێت لەم دوو شارە نەوتێکی زۆر هەیە، بۆیە لەو وەختەدا ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی پێیان باش بوو ئەو ناوچانە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقدا بمێنێتەوە. (منوچهر جفره، ایوب منتی، محمد رهگویی، سیاست خارجی آمریکا و کردهای عراق، فصلنامه علمی ت پژوهشی علوم سیاسی و روابط بینالملل،دوره ٤، شماره١٤، خرداد ١٣٩٠، ص٦٦).

(٢) بارزانی بەهۆکاری ئەوەی گومانی هەبوو هێزەکانی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا بۆ دوور مەودا لە ناوچەکە بمێننەوە، پێشنیاری ئەوەی کرد جۆرێك لە خۆبەڕێوەبەرێتی وەربگرن و لە چوارچێوەی عێراقدا بمێننەوە، چونکە ترسی لە هێرشی وڵاتانی دراوسێش هەبوو، بەڵام تاڵەبانی داوای کرد مافی چارەی خۆنووسین بدرێت بە کورد لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی و ئەو دەسەڵاتەی پێیان دەدرێت لە خۆبەڕێوەبەرێتی زیاتر بێت، هاوکات داوای کرد هەرجۆرە گفتوگۆیەکیش لە گەڵ حکومەتی بەغداد بە چاودێری نەتەوەیەکگرتووەکان ئەنجام بدرێت. هاوکات تاڵەبانیش هاوشێوەی بارزانی جەختی لەوە کردەوە کە ئەوان بەتەمای ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی نین، ئەوەش بۆ ڕەوینەوەی مەترسیەکانی دەوڵەتانی دراوسێی( تورکیا و ئێران) عێراق بوو.(مایکل إم غینتر، کورد العراق الام...،ص١٢٤).

(٣٢) بۆ بینینی خاڵەکانی بڕیارنامەی ژمارە ٢٩٩ی کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی کۆنگرێس بڕوانە، (لوکمان میهۆ، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی...، ل٥٢٢-٥٢٤).

(٤) بەر لە ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکە، گرژی و ئاڵۆزی زۆر دروست بوو لەنێوان یەکێتی و پارتی، هەردوو لایەن یەکتریان تۆمەتبار دەکرد بە ئەنجامدانی گزی لە هەڵبژاردنەکەدا، لەگەڵ ئەوەی وابڕیار بوو خولی دووەمی هەڵبژاردن ئەنجامبدرێت بۆ ڕابەری بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد، بەڵام بۆ ئەوەی گرژییەکان پەرە نەستێنێت،ئەو هەڵبژاردنە دواخر و دواتریش ئەنجام نەدرا، ئەویش لەسەر داوای زۆرێك لە لایەنە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنەکە.

(Vian Majedd Faraj, Party System Institutionalization: A Focus on Kurdistan Region's Party System (1991-2016), UNIVERSIDAD DE VALENCIA Facultat De Derecho, Ciencia Politica Y Criminologia unpublished doctoral thesis. P 246.)

(٥) تورکیا دژایەتی خۆی بۆ هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی کوردستان ڕاگەیاند، پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنیش مەترسیەکانی خۆی لەو بارەیەوە خستەڕوو، کە بڕیاری ئۆتۆنۆمی دەبێتە مایەی

مەترسی بۆ وڵاتەکەی، چونکە ژمارەیەکی زۆر کورد لە تورکیا دەژی، ڕەنگە ئەوانیش داوای هەمان چارەنووس بکەن، جگە لەوەش تەنها چەند ڕۆژێك بەر لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە، تورکیا لە ڕێگەی هێرشی ئاسمانیەوە چەند ناوچەیەکی کوردستانی بۆمباران کرد، لەناویاندا بنکەیەك کە بۆ هەڵبژاردن ئامادەکرابوو بۆردومان کرا، هاوکات تورکیا ڕایگەیاند لەوانەیە هەڵبژاردنەکە پەلبکێشێت بۆ دروستبوونی بێسەروبەری و شەڕو شۆڕێکی دیکە لە ناوچەکە. ( بێڵ فریلیك، ئۆپراسیۆنی(provide comfort)بەڵێنی درۆینك بە کورد...، ل٤٣٣).

(٦) سەرۆکی ئەمریکا بیڵ کلینتۆن، بە هەموو توانایەکی هەوڵیدا ڕێگری بکات لە دەستوەردانی ئێران و عێراق لە دارشتنەوەی سیاسەتی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ ئەوەی پلانەکەی بەتەواوی سەربگرێت ئابلۆقەی ئابوری توندی خستە سەر عێراق و ئێران، بۆ ئەوەی ئەو دوو دەوڵەتە لە هاوپەیمانیەتیە ناوچەییەکان دوور بخاتەوە و لاوازیان بکات. (قاسم فولادی، راهبردهای رفتاری أمریکا علیە جمهوری اسلامی ایران، انتشارات دانشگاه و پژوهشگاه عالی دفاع ملی و تحقیقات راهبردی مرکز انتشارات راهبردی،تهران، ١٣٩٩، ص١٦٩-١٧٠،)

(٧) تاڵەبانی لە ڕێگەی فڕۆکەیەکی ئەمریکیەوە دوای تەنها چوار ڕۆژ لە کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان سەردانی تورکیای کرد. (مەسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاری...، بەرگی پێنجەم، ل ١٢٢).

(٨) هەردوو پارتی دەسەڵاتداری کوردستانی( یەکێتی و پارتی) دوای ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە هەریەکە و پەنجا ئەندامی پەرلەمانی بۆ خۆی دیاری کرد، واتە بەشێوەی فیفتی بە فیفتی ئەندامانی پەرلەمانیان دیاری کر لە نێوان خۆیاندا، چونکە دەنگەکانیان لەیەکەوە نزیك بوو، هاوکات هەر بەو شێوەیەش پۆستە حکومیەکانیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کرد.( میشێل لیزەنبێرگ، ئابوری سیاسی کوردستانی عێراق، شارنشینیی- بەتایبەتییبوون- مەحسوبییەت، وەرگێڕانی، پ. دکتۆر یاسین سەردەشتی، چاپی ئەلیکترۆنی، سلێمانی، ٢٠٢٢، ل٣٨).

(٩) بۆ بینینی بەیاننامەکەی پەرلەمان سەبارەت بە سیستمی فیدراڵی بۆ کوردستان بڕوانە: حامید گەوهەری، باشوری کوردستان لە نێوان...، ل٣٩-٤٥.

# لیستی سەرچاوەکان

### بەڵگەنامەی بڵاونەکراوە


- ناوەنـدی کوردسـتان بـۆ دۆکیۆمێنـت و لێکـۆڵینەوەی ئەکـادیمی، کـۆدی بەڵگەنـامە، SKE8.421، تقرير جهاز المخابرات العراقى الى رئاسة الجمهورية، الاجهزة الاستخباراتية لنظام خمينى، حزيران ١٩٩٣، ص٩-١٠.


### کتێب بەزمانی کوردی


- ئەحمەد، ئیراهیم خەلیل، موراد، خەلیل عەلی، ٢٠١١، مێژووی ئێران و تورکیـا، وەرگێڕانـی، بەهادین جەلال مستەفا،چاپخانەی ڕۆژهەڵات هەولێر
- بارزانی، مەسـعود، ٢٠٢٢، بـارزانی و بـزوتنەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد، ڕاپەڕیـن دەرفەت و ئاستەنگەکان١٩٩١-٢٠٠٢، بەرگی پێنجەم، چاپخانەی ڕوکسانا، هەولێر.
- حەمەکەریم، هێرش عەبدوڵلا، ٢٠٠٧، پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا ١٩٩١-١٩٩٨، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.
- خـاروداکی، ماریانـا، ٢٠١١، کـوردو سیاسـەتی دەرەوەی وڵاتەیەکگرتووەکـان، پێوەنـدییە ناودەوڵەتیەکان لەڕۆژهەڵاتی ناوین لە ١٩٤٥ەوە، وەرگێڕانی مامکاك، چـاپی یەکەم، دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- ڕشید، سەڵاح،٢٠١٧، مام جەلال-دیداری تەمەن- لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆمـاری، بەرگـی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ.
- ڕەشید، سەڵاح، ٢٠٢٢، بروسکەنامە، نامە و بروسکەی نێوان مام جەلال، مەسـعودبارزانی و نەوشیروان مستەفا ١٩٩٠-٢٠٠٩، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان، سلێمانی.
- فریلیك، بێڵ، ٢٠٠٢ ، ئۆپراسیۆنی(provide comfort)بەڵێنـی درۆینـك بە کـورد، لە کتێبـی گەلێکی پەژمووردە و نیشتیمانێکی پەرت، وەرگێڕانی، حەوێزی، چاپی دووەم، سوید.
- گەلاڵی، کوثر عزیز،٢٠٠٩، باشوری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٥ەوە تا ئەمڕۆ،چاپخانەی کاروان، هەولێر.
- گەوهەری، حامید، بێ ساڵی چـاپ، باشـوری کوردسـتان لە نێـوان دوو هەڵبژاردنـدا ١٩٩٢-٢٠٠٥، بڵاوکراوەی کاوە، ستۆکهۆڵم، سوید.
- لیزەنبرگ، میشێل، ٢٠٢٢، ئابوری سیاسی کوردستانی عێراق، شارنشـینیی- بەتـایبەتیبوون-مەحسوبییەت، وەرگێڕانی، پ. دکتۆر یاسین سەردەشتی، چاپی ئەلیکترۆنی، سلێمانی.
- م.س. لازاریف م.ا. حسرتیان، شاکرو محوی، ی.ی. فاسـیلینا، اولغـا میغالینـا، ٢٠٠٨، مێـژووی کوردستان، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی عبد حاجی، وەرگێڕانی بۆ کوردی، هوشیار عبدالله سەنگاوی، چـاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- میهۆ، لوکمان، ٢٠٠٩،کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنیەکـانی ئەمریکادا(بەشـی یەکەم، کوردستانی عێراق)، وەرگێڕانی ، وریا ڕەحمانی،دەزگای چاپ و بڵاوکرنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- هۆف، ڕوود، لێزنبرگ، میخێل، موولەر،پیتەر، ٢٠١٣، هەڵبژاردنەکانی کوردستانی عێراق ١٩ی مایسی ١٩٩٢ ئەزموونێکی دیموکراسیانە، وەرگێرانی، صفوت رشید صدقی، چاپی دووەم، چاپخانەی ئەزمەڕ، لە بڵاوکراوەکانی لیژنەی سلێمانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان، سلێمانی.
- هیتۆتی، نەوزاد عەبدوڵا، ٢٠٠٩، دۆزی کورد لە عێراقدا، میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی دوای ٢٠٠٣، چاپخانەی خانی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، دهۆك،.

.

**توێژینەوە بە زمانی کوردی**

- حەسەن، ئەرکان ئەحمەد ،محەمەد ئەمین، فاروق محەمەد، ٢٠٢٠، ڕۆڵ و ئامانجی کۆماری ئیسلامی ئێران لەبەنێودەوڵەتی کردنی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە، (HUJ-Volume ٥,Issue ١, March٢٠٢٠)، گۆڤاری زانستی زانکۆی هەڵەبجە.
- میکە، هەردی مەهدی، ئەبوبەکر، ئەژی ئازاد،٢٠٢٠، کوردستانی عێراق لە سیاسەتی گشتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان.

**سەرچاوە عەرەبییەکان**

**ماستەرنامە**

- صمد، ٢٠١١،محمد نجم الدين نورى، الولايات المتحدة الامريكية والقضية الكردية فى العراق ١٩٥٨-٢٠٠٥، رسالة ماجستير غير منشور، كلية القانون والسياسة، قسم القانون بالجامعة الحرة، الجامعة الحرة فى هلند.

**کتێب بە زمانی عەرەبی**

- ام غينتر، مايكل، ٢٠١٢، كورد العراق الام وامال، ترجمة، عبدالسلام نقشبندى، الطبعة الاولى، دار اراس للطباعة والنشر، اربيل.
- تاج الدين، احمد، ٢٠٠١، الاكراد تاريخ شعب وقضية وطن، الدار الثقافية للنشر، القاهرة.
- خليل العلاف، ابراهيم، بدون تاريخ النشر، موقع العراق فى الاستراتيجية الامريكية المعاصرة، مركز الدراسات الاقليمية، جامعة الموصل، .
- محمد العزاوى، دهام ، ٢٠٠٩،الاحتلال الامريكى للعراق وابعاد الفدرالية الكردية، الدار العربية للعلوم ناشرون، بيروت لبنان.

**توێژینەوەی ئەکادیمی**

**بەزمانی عەرەبی**

- احمد، ٢٠١١، حسين مصطفى احمد، العامل الكردى فى العلاقات العراقية الايرانية، المجلة السياسة الدولية، جامعة المستنصرية، كلية العلوم السياسية، العدد١٨، بغداد.
- عبدالناصر، وليد، ١٩٩٧، اكراد العراق وتأثير البيئتين الاقليمية والدولية،الاهرام، السياسة

الدولية، السنة الثالثة والثلاثون، العدد١٢٧، ينايير.
- قمحة، احمد ناجى، ١٩٩٦، اكراد العراق: الواقع والمستقبل، مجلة الاهرام، السياسة الدولية،السنة الثانية والثلاثون، العدد ١٢٦، القاهره.
- مكى، دينا، ٢٠٢١، محاولات الانفصال الكردي في العراق عوامل الدفع والجذب، مجلة دراسات إقليمية، السنة ١٥ ،العدد ٤٩.

**رۆژنامە عەرەبییەکان**
- جريدة اخبار اليوم، جمهورية مصر العربية، العدد ٢٤٩٤، ٢٢/اب/١٩٩٢.
- جريدة الاهرام، جمهورية مصر العربية، العدد٣٨٧٥٩، التاريخ ١٨/ كانون الثانى/١٩٩٣.

**سەرچاوە فارسییەکان**
**کتێب بەزمانی فارسی**
- ابو الحسن شيرازى، حبيب الله، طارمى، كامران، ١٣٨٤، نقش گروهاى معارض در روابط ايران و عراق(١٣٧٨-١٣٧٥)، مركز اسناد تاريخ اسلامى، تهران.
- باقرى دولت ابادى، على، شفيعى سيف ابادى، محسن ١٤٠٠، سياست خارجى ايران از ١٣٥٧ تا ١٤٠٠؛نگاهى از درون، انتشارات تيسا، تهران.
- برزگر، كيهان، ١٣٩٧، ، سياست جمهورى اسلامى ايران در خاورميانه، بين حوادثيانزده سپتامبر٢٠١١ وتحولات عربى ٢٠١١، مركز مطالعات سياسى و بين المللى، چاپ دوم، انتشارات وزارت امور خاجه، تهران.
- حق پنا، جعفر، ١٣٨٧، كردها وسياست خارجى جمهورى اسلامى ايران، مؤسسه فرهنگى مطالعات وتحقيقات بين المللى ابرار معاصر، تهران.
- حقيقت، سيد صادق، ١٤٠٠، جمهورى اسلامى سياست خارجى و روابط بين الملل، نشر-كوير، تهران.
- حيدرى، اصغر، ١٣٩٧، انقلابى اسلامى و گروه هاى تجزيه طلب در ايران، بنياد تاريخ و دانيشنامه انقلاب اسلامى، چاپ دوم، مجتمع چاپ اسرى، تهران.
- خسروى، عليرضا، ١٣٩٣، نفوذ اسراييل در عراق و تأثير ان بر امنيت ملى ايران، بنياد تاريخ پژوهى و دانشنامه انقلاب اسلامى، تهران.
- فولادى، قاسم، ١٣٩٩، راهبردهاى رفتارى أمريكا عليه جمهورى اسلامى ايران، انتشارات دانشگاه و پژوهشگاه عالى دفاع ملى و تحقيقات راهبردى مركز انتشارات راهبردى،تهران،.
- كريمى، كريمى، ١٣٩٦، نقش رژيم صهيونيستى در استقلال طلبى كردستان عراق، فصلنامه مطالعات سياسى بينالمللى، سال دوم، شماره پنجم، زمستان.
- محمدى، صمد، ١٣٩٨، بررسى نقش آمريكا و اسرائيل در تحولات اخير اقليم كردستان عراق وتاثير آن بر امنيت ملى جمهورى اسلامى ايران، پايان نامه دكتراى منتشر نشده، دانشگاه پيام

نور،دانشکده حقوق و علوم سیاسی، قزوین.
- نادر، علیرضا، هانوئر، لری ، الن، برنال، اسکاتن، علی جی ، ١٣٩٦، پیامدهای منطقه‌ای کردستان مستقل عراق، ترجمه، سید کاظم فیروزمند، انتشارات تمدن ایرانی، تهران.

### توێژینەوەی ئەکادیمی بەزمانی فارسی

- ارین منش، محمد، جوانشیری و شانه‌چی، احمد ، محسن مدیر، ١٣٩٧، عوامل مؤثر بر مناسبات ایران و امریکا، دوفصلنامه سیاست و روابط بینالملل، سال دوم، شماره دوم،
- پیشگاهی فرد، نصراللهی زاده، زهرا، بهرام، ١٣٩١، پیامدهاي تشکیل حکومت ناحیهاي کردستان عراق در کردستان ایران، مجله جغرافیا و برنامه ریزي محیطي، پژوهشگاه علوم انسانی، شماره ٢.
- جفره ,منوچهر ، منتی ,ایوب ، رهگویی ,محمد ، خرداد ١٣٩٠, سیاست خارجی آمریکا و کردهای عراق، فصلنامه علمی ت پژوهشی علوم سیاسی و روابط بینالملل،دوره ٤، شماره١٤،
- رومینا ابراهیم ، بیدار، محمد طاهر ،١٣٩٧، تأثیر استراتژی آمریکا بر تحولات کردستان عراق از١٩٧١ تا٢٠١٤، فصلنامه ژئوپلیتیک ـ سال چهاردهم، شماره دوم.
- شیاری، علی، فرهنگی، محمد حسین، ١٣٩٩، واکاوی استقلال اقلیم کردستان عراق با تأکید بر نقش هر یک از قدرتهای منطقه ای و فرامنطقه ای، فصلنامه مجلس و راهبرد، سال بیستوهفتم، شماره یکصدویکم.
- علویان، مرتضی، تبار سوته، محمد سلمان، ١٣٩٩، ملاحظات امنیتی ایران در قبال استقلال اقلیم کردستان عراق، دوفصلنامه سیاست و روابط بین الملل، دوره٤، شماره ٧.
- عمادی، سینا، سیمبر، رضا، ١٤٠٠، انگاره گیری رفتار سیاست خارجی ایران نسبت به حکومت منطقه اقلیم کردستان عراق (٢٠٠٣- ٢٠٩٩)، فصلنامة تحقیقات سیاسی و بینالمللی، دانشگاه آزاد اسلامی، شماره ٤٦، بهار.
- قاسمی حیدری، مصطفی اژدری، بهناز، معصومی، مجید، ١٣٩٩، استقلال خواهی کردها و راهبرد اسرائیل و آمریکادر تضعیف تمامیت ارضی ایران، فصلنامه مطالعات بینالمللی، سال١٧، شماره١(٦٥).
- قربانی شیخ نشین، ارسلان ، قدیمی، اکرم، ١٣٩١، بررسی راهبردي سیاست خارجی امریکا در کردستان عراق و امنیت ملی جمهوري اسلامی ایران، فصلنامه راهبرد، شماره ٦٢، بهار.
- نیا، حافظ، رضا، محمد، ١٣٨٥،تأثیر خدگردانی کردهای شمال عراق بر کشورهای همسایه، علمی-پژوهشی، تحقیقات جغرافیایی،شماره ٨٣.

### ڕۆژنامە فارسییەکان

- روزنامهاطلاعات، شماره ١٩٧٢٤، تاریخ ٤/مهر/١٣٧١.
- روزنامه اطلاعات، شماره ١٩٧٢٨، تاریخ ٨/مهر/١٣٧١.

- روزنامه جمهوری اسلامی، شماره ٣٧٥١ ،تاریخ ٣١/ اردیبهشت/ ١٣٧١.
- روزنامه جمهوری اسلامی، شماره ٣٨٦٦، تاریخ ١٦/مهر ١٣٧١.
- روزنامه جمهوری اسلامی، شماره ٣٨٦٧، تاریخ ١٨/مهر/١٣٧١.
- روزنامه کیهان، شماره ١٤٥٩١، تاریخ ١٣/ مهر/ ١٣٧١.

### سەرچاوە ئینگلیزییەکان

### تێزی دکتۆرای بڵاونەکراوە

- Faraj,Vian Majedd, Party System Institutionalization: A Focus on Kurdistan Region's Party System (1991-2016), UNIVERSIDAD DE VALENCIA Facultat De Derecho, Ciencia Politica Y Criminologia unpublished doctoral thesis.
- Shukri, Nawzad Abdullah, 2017, EXPLAINING U.S. FOREIGN POLICY TOWARDS KURDISTAN REGION OF IRAQ (2003-2015), unpublished doctoral thesis, Department of Politics and International Relations, University of Leicester,.
- Taham Mohammedali Yaseen, ,2018, Political Parties and the Press In The Kurdistan Region Of Iraq, unpublished PHD thesis, UNIVERSIDADE DE LISBOA INSTITUTO DE CIÊNCIAS SOCIAIS

### کتێب بە زمانی ئینگلیزی

- Gunes, Cengiz, 2019, The Kurds in a New Middle East, The Changing Geopolitics of a Regional Confict, Open University London, UK,.
- Kurda, Karam,2015, Bad Blood Between Brothers The KDP, PUK, PKK Conflict.
- Taucher, Wolfgang, Vogl, Mathias and Webinger, Peter, THE KURDS, History - Religion - Language - Politics , Austrian Federal Ministry of the Interior.

### ڕاپۆرت بە زمانی ئینگلیزی

- Katzmanm Kenneth , B. Prados, Alfred ,2005, The Kurds in Post-Saddam Iraq, CRS Report for Congress.